# پێکەنینێک هەزار پیاڵەی شەڕاب دەهێنێ

ئەحمەد بەهرامی "تورجانیزادە"



لەم وڵاتە دارستان و قاقڕەی گەورکی سەردەشت زۆر کەم زەوی دەشتەکی تێدایە خەڵک بەهاسانی نانی لێدەست خەن. ئەوەی هێسترو بارگینێکی پیری بێ کەیفی سازە هیچ نەبێ مانگێ دوو کاروانی بۆ قاچاخچیان پێدەکات بۆ ئیدامی ژیان. لەم شاخ و دارستانە تەنگەبەرەدا زەلالەتی ژیان مرۆڤەکانی والێدەکرد دەبێ بێپشوودان هەوڵی گۆڕانی بژیوبدرێت. لە کوردستان و لە گوند ژیان وەک ئەوەیە دایم جەستەت لەژێر قورسایی ستەم و نەداریدا دەچەمێتەوە. سەرەڕای قورسایی ژیان و پەلاماری سەربازی دەوڵەتی تاران بۆ سەرکورد، شۆڕشی ئێستا قسەی چۆن دەرچوون لەم قورساییە دەکات. شۆڕش هەوڵدەدات ڕێگایەک پەیدابێت مرۆڤەکان ئاسانتر نانی سەرسفرەکەیان دەست کەوێت. شۆڕشگێڕانی کورد هەرکام لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو موژدەیی دەدا، کە دەبێ ئێمەش ببینە خاوەنی ئەو ژیانەی شیاوی خۆمانە. ئەمە داوایەکی سروشتی بوو بەڵام ببووە خەون و خەیاڵ. ژن مافی دەوێت. منداڵ پۆشاک و قوتابخانە و دووچەرخە و مەیدانی یاریگەی تۆپێنی دەوێت. گوندەکان جادەی لەبار و خیزڕێژکراویان دەوێت. دەرمان و نەخۆشخانە وەک خەون دێتە ئەژمار. ئەمە قسەیەک بوو هەموو پێشوازیان لێدەکرد. لێرە پۆلێک پارتیزان هەیە. لە دوورەوە پارتیزانەکانت دەناسی زەربدەرێکی ڕاست و چەپ بەناو شانیانەوەیە چڵک و ئارەقەی هیلاکی دروستیکردبوو. ئەم زەربدەرەش ئارەق و تۆز بوو قایشی فیشەکدانەکانیان دروستی کردووە، ڕەش و بۆر بەناو شانوپشتیانەوە دیارە. ئاخر ئەوان دایم لە گەڕاندان. تۆزو خۆڵ بەشان و ملیانەوە

ڕەقیتەی دەبەست لەژێرەوە ئەسپێ هەڵدێنا. بۆنی گۆرەوی و پوزەوانەش لە دورەوەدەهات، بەڵام کەس گوێی بەم بۆن و چڵکنییە نەدەدا چونکە هەموو هەروابوون. شەرایتی دژوار و شەڕ و هەڵ بڕێن کەس مەکانی مەعلومی نییە. لەم ئاوایی بۆ ئەو ئاوایی. لەم شاخ بۆ ئەو شاخ پاکوخاوێنی ئاسان نەبوو.

لە هاوین دەکرا بڕێک بەخۆتا ڕابگەی و خۆت پاک ڕابگری. لە فەسڵی زستانا ئەمە زۆر کەم بوو. لەم ناوچانەی کوردستان هیچ ماڵێکی ئاواییت نەدەدی ئیمکانی ئەوەیان بێت بەشی خۆشیان بکات، ئەمە شۆڕشگێڕانیشی دەگرتەوە. ماڵەکانی ئاوایی لەسەر شێوازی دەیان ساڵی پێش ماون. هیچ ماڵێک تەوالێتی لە ماڵی خۆی نییە. حەمام لە هیچ ئاواییەک نییە. تەنانەت یەک ئاوایی لەم سنوورانە ئاوی لولەکەشیان نییە. بۆ خەڵک و پێشمەرگە لیباسی زیادی زۆرکەم هەیە. یان هەرنەبوو. زۆری لیباسەکانی خەڵک بە ژن و منداڵ و پیرەوە دەپۆشن پینەکراو درواوەتەوە. تەنانەت جێگەی سابت و ماندگار مومکین نەبوو. شۆشگێڕانیش کەم دەرامەت و نەدار دایم کەوش و گۆرەوی دڕاو لە پێیاندابوو. کەوشی پاتە وەک قاڵب قاچەکانیتی دەگوشی و چرچی دەخستە پێستی پێت. بۆنی پێیەکانت خۆشتی ئازاردەدا چ جای کەسانی لە خۆت نزیکن.

ئاوایی سیسێر بەدیوارە نزمەکانییەوە لە تەنیشت کێوی"کوڕەک"قیت ڕاوێستاوە. سەربانی گڵی داتەپیوو لەم هاوینەدا هەموو سەربانەکان قەڵشیون. دیواری ماڵەکان خوار و خێچ بەبەردی نارێک لەسەریەک هەڵ چندراون. نیوەی خشت و بەردەکانی ئەم دیوارانەش قوڵفـو بەست نین. زۆری ئەم دیوارانە وەک پەیکەری نەخۆش دەڵێی لەوانەیە بەجوڵەیەک هەموو داڕووخێت و بەلادا بکەوێت. لە هەموو بن گوێسوانەکان هێلانەی پەلەوەرەکان دەبیندرێت. کۆلانەکان زۆر شپرز و پیسن. لەم هاوینەدا مێش وەک چارشێوی ڕەش بەسەر تەڕایی ناو کۆڵەنەکان دیارن شەپۆل دەدەن. لێرەش وەک هەموو ئاواییەکانی کوردستان ئیمکانێک بۆ پێڕاگەیشتن و پاکوخاوێنی نییە. تەنانەت لەلایەن حکومەتەکان سەم پاشی نییە بۆ کوشتنی میکرۆب و گیان لەبەرە ژەهراویەکان. لولەکەشی ئاوی پاک بۆ ئاواییەکان وجودی نییە. کوتان و پشکنین بۆ منداڵ و نەخۆشەکان لە گۆڕێ نییە هەمووشت بەتەمای کەرەمی خودا.

نیوەڕۆیەکی گەرم خۆر لەم قرچەی نیوەڕیەدا زەوی و دار و بەردی گەرم داهێنابوو. ئاوایش لەم گەرمایەدا سپی دەنوێنێت. ئەم گەرماییە وەک هاڵاوی زارکی تەندووری داخ لە دەرکی ژوورەکانەوە دەهاتە ژوور گیانی ئینسانی دەکردە مێوو ڕۆن.

لە یەکێک لەم بینایانە جەماعەت لە دەوری یەک کۆبوونەوە ناوی بنکەی پێشمەرگەیە. دەرکی بنکە کراوەتەوە دەنگ دووردەڕۆیی. بنکە ماڵێکی گەورەیە. دیوارێکی بەرد و گڵی ئەستوری بۆ چندراوە. لە دەربیجەی پەنجەرەکەوە کزە بایەکی هێدی دێتەژوور. هەرچەند ئەم کزەبایە تینی گەرمی خۆریش لەگەل خۆی دێنێت، بەڵام هەوای ژوورەکە برێک فێنک دەکاتەوە، ئەویش بەهۆی ئەستووری دیوارەکە و سەربانی پڕ گڵ و هەڵاشی بن میچی ژوورەکەیە دەبووە هۆی فێنکی ناو ماڵەکە.

لەژێر ئەم نسێی نیوە فێنکەدا جەماعەت یەخەی کراس و بلوزە بۆرەکانیان کردۆتەوە تا هەناسەیەکی فێنک هەڵمژن. پارتیزان بەڕیز پاڵی بەدیوارەکەوە داوە. نیوەیان قاچیان درێژکردووە تێکڕا هەواڵی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە."چیان کردووە. چیان بەسەرهاتووە. کێشەی سەعە و هاوڕێکانی تەواو یان نا؟ باڵۆ چی بەسەرهات. تۆبڵێی لەبر هەڵاتنی هاوڕێکانی تەمبێی نەکەن. یان هەموو ڕۆژێک کە نانی بۆ دەبن دەرکەوانی زیندان دوو قۆنداغە بڕنووی لە پشت قونی نەکوتێ و دوو جنێوی بەگوێ هەڵبێنێت".

دوای نانی نیوەڕۆ مینە گوتی: مامبرایم بۆ لەگەڵ شارۆ و ڕەحمان و یارە تا ئەو سەرە نەچین؟ لەوێش بۆ خۆمان برێك قسەی خۆمانە دەکەین.

مامبرایم دەڵێ: کوڕە وەڵاهی پێم خۆشە بابڕۆین، ئێوارێش دەچینە ئاوایی لای دۆستان دیدار تازە دەکەینەوە.

مینە دەڵێ: مام برایم خۆ دەزانی ئێرە تەنیا کانی پشت ئاوایی هەیە بۆ ئاوا خواردنەوە. لەوێ قومقمۆکەکان پڕدەکەین لە ئاو با پێمان بێت.

: ئەری شارەزام دەزانم دەبێ وابکەین نەکا تونیمان بێت.

: ئائا ئاوێکی خۆشە زۆر لە ئاوای کانیەکەی مزگەوت سڵامەتترە. پشت ئاوایی یەک چاوەکانی گەورەی هەیە خەڵکی بۆ ئاوی خواردنەوە لەوە کەڵك وەردەگرن. لولەکەشی ئاو بۆ ناو ئاوایی لەگۆڕیێ نییە. ئاوی کانی وەک کارێز بەبەردچن و

بیراز هێنابویان بۆ نزیک ئاوایی. له نزیک ئاوایی هەرئەم کانییه گەوره هەیه بۆ ئاوی خواردنەوه.

ئەم چەند کەسه سەرکەوتنه سەرێ له ئاوایی دوور کەوتنەوه. ئەوان لەبن سێبەری دارێک تفەنگ و خەشابیان له قەدیان کردەوه دانیشتن بۆ پشودان. دوای برێک قسه و پرسیار، مینه گوتی: مامبرایم تۆ ئەم هاوینه زۆرتر له گەران بووی. لەگەڵ ئەوه لەگەڵ دەرس خوێندنیش باشی بووی. دەزانم فێری نامەنووسین بووی ئەوه یەگجار خۆشه. بەڵام بەدەست میرزاوه گیرمان کردووه ئەوه ناخۆشه. گیرانی سەعه و هاورێکانی زۆری ماندووی کردین. نازانین چارەنووسی باڵۆش چییه و چۆن دەبێت.

مامبرایم: ئەرێ ئەوه بۆ ئێمه له ناوچەی میراوێ و پیرانشار هەر زۆر قورس بوو. ئەگەر باوەڕەت بێ بۆخۆم هێنده نیگەرانم بووم که دەچووینه ئاواییەک ترسی پەلاماری حکومەتم له بیردەچووەوه له ترسی پەلاماری میرزا بۆ سەرمان. نازانم ئەوەی بانگەوازی دەکەن دێموکراسی بۆ ئێران ئەوه بۆ کێیه و بەر کێ دەکەوێت! نازانم ئایا بەڕاست گەورەکانی میرزا وا کوڕەکانیان مەنع کردووه قسه لەگەڵ ئێمه نەکەن؟ ئەی چۆن کوردستان سەقامگیردەکەن! هیوادارم نەبێته شەری ناو خۆمان و دەست له ڕووی یەکدا بەرز نەکینەوه. من لەوه دەترسم ئاوری نەزانی خۆمان وامان بسووتێنێت خۆشمان یەسقانی خۆمان نەناسینەوه.

مینه: ئەوه دەردی کورده مام برایم هەوڵنادەین خۆمان له خۆمان حاڵی بین! وادەزانین ئەگەر تۆ لەمن بەهێزتربووی ئەوەی قسەی کرد دەبێ بەردەباران کرێت و شەڕ هەڵایسێت له نێوانمان. بەدبەختی لەوەدایه ئێمه ئەقڵی قسه و ڕاگۆڕینەوەمان لەگەڵ یەک نییه. هەمووومان وەک کەروالڵی ئەو کۆڵانه دەچین لەسەر شتی هیچ بەربینگی یەک بگرین. ئەمەش وای کردووه کەم کەس وێراویه دەردی دڵی خۆی باس بکات. ئێمه دەبێ قسه بۆ خەڵک بکەین. ئەگەر تەنیا پیرێ ژنێکیشمان دەست کەوت قسەی بۆ بکەێن تا له یەک حاڵی بین بۆچی شۆڕش دەکەین. دەبێ له یەک حاڵی بین شەر نەکەین.

ئەم چوارکەسه چووبوونه ناوکێشەی وڵاتی خۆیان ئەوەی بەسەریان دەهاتبوو لێره لەم بن نسێیەدا بۆ یەکیان دەگێراوه و قسەیان دەکرد. وابوو ئەوان ئیدی ئاگایان له دەوروبەری خۆیان نەبوو چی دەگوزەرێت؟

بەڕاستی نەیان دەزانی له پەنا ئەواندا کێی کەش وەک ئەمان خەم بۆم وڵاته دەخوات! برێک خوارتر له خۆیان ئەم کەسانه ئاگایان لەو منداڵانه نەبوو له پەنا

خۆیانن ئەوانیش لە دەووری یەک کۆبوونەوە قسە دەکەن. منداڵەکانیش ئاگایان لە مینە و هاوڕێکانی نەبوو ئەمانیش هەموو باسی کێشەی شۆڕش دەکەن؟

بەڵێ ئەوە حوکمی مێژووە لەم وڵاتە هەموو کەس بوون و شوناسی دەوێت. بۆیە شۆڕش ژن و منداڵی زۆر شار و ئاوایی کوردستانی لە خۆی پێچابوو دەبێ بەیەکەوە بیر لە وڵاتی خۆیان بکەنەوە. چونکە شۆڕش هەرتەنیا هی ئەو شۆڕشگێرانە نەبوو لە بنکەکان بوون داوای ئەو مافەبکەن! بەڵکو ئەو ژن و پیاو و منداڵانەبوو لە دەوری ئەوان ببوونە شوورەی شۆڕشی کورد. منداڵەکان وەک پۆلووی ژێر خۆڵەمێشی شۆڕش دەبوونە بڵێسەی دوای ئەو شۆڕشگێرانەی ئەمڕۆک لێرەن.

ئەو منداڵانە منداڵی سیسێرن وەک هەموو منداڵی کوردستان لێرە کۆبوونەوە قسە لە ژیان و بوونی خۆیان دەکەن. منداڵەکانی سیسێر لێرە ئەوان شوانی حیوانی ماڵی خۆیانن. ئەوان شۆڕشگێرانیان خۆش دەویست. دەبێ ئەوان ببنە ئەو هەوێنە ئیدامەی ئەوەبدەن ئەمڕۆ قسەی لەسەرە. منداڵەکان وەک ڕۆژان لەم گەرمایەدا مەڕو بزنیان مۆڵدابوو، بۆ خۆشیان لەسەر خیزی ئاودڕەکە لەژێر نسێی دارێکدا خەریکی قسە کردنن.

منداڵەکان هێندە هەڵسوکەوتی شۆڕشگێرانیان دیبوو. ئێستا لێرە خۆیان کردبووە شۆڕشگێر لاسای پارتیزانەکان دەکەنەوە. ئەوان لێرە وەک شانۆگێڕێک دەوری پارتیزانەکان دووبارە دەکەنەوە و قسەدەکەن. منداڵەکان قسەیان لەسەر شۆڕش و کاری شۆڕشگێران دەکرد. لەمکاتەش نە منداڵەکان ئاگایان لە مینە و ئەوانە لە نیزیک ئەوانن. نە مینە و ئەوانیش ئاگایان لە منداڵەکانە لە نیزیکیانن.

ڕەحمان سیروان هەستا برێک لە هاوڕێکانی دوور کەوتەوە چووە ئەولاترەوە بۆ میزکردن. ئەو چووە بن دارێک دەبوو هاوڕێکانی نەیبینن. ڕەحمان دۆخینی پانتۆڵەکەی کردەوە خەریک بوو هەڵتورشێکت بۆ میزکردن. کە گوێی ڕاگرت ورتەورتی پۆلێک منداڵی گوێ لێ بوو لە پەنا کۆلکەدارێکی ئەستوور دانیشتوون قسەیان دەکرد. جاری وابوو قسەکان توندبوو لە یەک توڕەدەبوون. جاری وابوو ئارام وەک کۆبوونەی پۆلێک سیاسی کار بەنۆرە قسەیان دەکرد.

ڕەحمان کە سەرنجیدا ئەوە هەر لە پەنا ئەوان پۆلێك منداڵ داینشتوون قسەدەکەن. ئەو کە تماشای کرد ئەم منداڵانە هەر وەک ئەوان مەشوغڵن و وەک ئەوان قسەدەکەن و دەست ڕادەوەشێنن! جاری وایە هەڕەشە لەیەک دەکەن. جاری وایە نەسیحەتی یەک دەکەن. ڕەحمان کە وردتر گوێی گرت منداڵەکان باسی کار و بەرنامەی شۆڕش بۆیەک دەکەن. باسی دوژمن دەکەن. منداڵەکان لە ناوخۆیان

بوونە دوو دەستەی دژبەیەک. دەستەیەکیان بوونە بەرەی دوژمن، دەستەیەکیشیان بوونە بەرەی شۆڕش. چەندانەیەکیش بۆنە بەرپرس قسەیان بۆ دارەکان دەکرد وەک بۆ خەڵک قسە بکەن. جاری وابوو لە دارەکان تووڕە دەبوون دەیان گوت: وست بێدەنگبە تۆ.

ئەم منداڵانە بۆ خۆیان دەبوونە حیزب و باسی دەسەڵاتی خۆیان دەکرد. ڕەحمان سەری سووڕمابوو ئەمە چییە دەگوزەرێت. دەیدی ئەم منداڵانە چۆن خەریکە خوڕەوشتی شۆڕشگێرەکان دەگرن و قسەکانی ئەوان دەڵێنەوە. هەر وەک ئەوانن. یەک دەبێتە مەسئول. یەک دەبێتە باوکی شۆڕشگێڕێک. یەک دەبێتە دکتور. وەک شۆڕشگێرەکان لە ماڵان و لە مزگەوتەکان خەریکی قسە کردنن و لەیەک توڕەدەبن. وەک حیزبەکان کەبەیەکیان دەگوت" ئەوە ڕاست نییە. ئەوە قسەی بێگانەیە. ئەوەیان خەریکە ژنان هان دەدات بو یاخیبوون لە دژی پیاو چۆن وادەبێ! ژن زەعیفەیە شەرع حەرامی کردووە قسە لە قسەی پیاودابکات. سەرشۆڕیە ژن جوابی پیاو نەداتەوە و بڕوات بۆ ناو شۆڕش".

هەڵسوکەوتی ئەم چەند منداڵە لێرە دیمەنێکی سەیربوو وەک ئەوەی تایبەت ڕاهاتبن بۆ ئەم شانۆیە. ڕەحمان بەبێ ئەوە خۆی لە منداڵەکان ئاشکرابکات، بەدزیەوە گەڕاوە لای مینە و ئاگاداری کردن چ باسە. ئیدی ئەوان بەجێگەی قسەی خۆیان سەیری حەرەکەت و کرداری منداڵەکانیان دەکرد.

مامبرایم لە پەنا کۆلکەدارێک خۆی داگرتبوو سەرنجی قسە و حەرەکەتی منداڵەکانی دەدا. کە گوێیدا قسەی منداڵەکان باسی چیدەکەن، ئیدی تەواو هەمووی قسەکانی وەستاعەبدوڵا لە زێهنیدا ڕاست گەڕا، کە دەیگوت"مامبرایم هێدی هێدی قسەکانی ئێمە وەک دەنگی ئەو ئامێرە مۆسیقایەی لیدێی، خەڵک دەیڵێنەوە و گوێی بۆ دەگرن و دەبیتە قسەی هەمووان".

ئێستا لێرە لەم دۆڵە قاقڕەدا منداڵەکان ئەو ئامێرە دەژەنن و سکەی شەمەنەفەری دوارۆژی شۆڕش دەکێشن. مامبرایم و منیە و ڕەحمان و شارۆ بەدزیەوە لە پەنا کۆلکە دارەکان خۆیان مات کردبوو، هەرچی سەرنجیان دەدا وەیان دەزانی ئەم چەند منداڵە لێرە شانۆ دەگێڕن و قسە بۆخەڵک دەکەن. ئەمەی ڕوویدەدا وەک درامایەکی ڕاستی دەچوو دەتگوت بۆیان نووسراوە هەرکامە لە شانۆگەرەکان لاپەڕەییەک لەنووسراوەی قسەکانی بەدەستەوەیە دەزانێت چیدەکات. لە کوێ دەڵێ چی و چ حەرەکەتێک دەکات.

منداڵەکان هاوتەمەنی یەک لەژێرنسێی دارەکان بەڕیز دانیشت بوون، داردەستەکانیان وەک تفەنگ بەکۆلکی دارێکدا هەڵپەساردبوو. ئەمانە وەک بەرگی نامەیەکی پڕ نهێنی دڵیان پربوو لە ئاوات کەی گەورەدەبن دەبێ دێری ئەو نامە نهێنیە بەئاشکرا بدرکێنن. کەی خەڵک گوێیان بۆ دەگرن. کەی ڕێگاوبانی ئاواییەکەیان خۆش دەبێ. کەی ئاوی لولەکەشی دێتە ئاواییەکەیان. کەی دەرمان و دکتوریان بۆ فەراهەم دەبێت. کەی ڕوناکی بەرق دێتە ماڵەکانی سیسێر. منداڵەکان ئەوەی لە شۆڕشگێڕانیان دیبوو و بیستبوو لێرە کردبوویانە کایەی خۆیان. وەک شۆڕشگێڕەکانیش قسەیان دەکرد. کە سەرنجدەدا لە دیمەنی سادەی ئەم چەند منداڵە لێرە مێژووی وڵاتێک خۆی وێنا دەکرد! دەتگوت ئەوە کەسێکێ تایبەتی ئامۆژگاری ئەمانە دەکات، ئەوەی دەیبینن نابێت لە بیریان بەچێت و دەبێ بۆ یەکی بگێڕنەوە بۆ سبەی مێژوو بمێنێتەوە. منداڵەکان ئێستا ئەوەن و ئەم مێژووە لەبەردەکەن بۆ تۆماری سبەی.

مینە و ڕەحمان و مامبرایم و شارۆ و یارە ماوەیەک سەیری ئەم دیمەنەیان کرد. ئەوان واق مابوون لەم قسە و هەڵسوکەتە سەرنج ڕاکێشانەی منداڵەکان. ئەوان منداڵەکانیان دەناسی. ئەوانە بوون هەموو شەو دەهاتنە بنکە و گوێیان بۆ هەواڵ و حیکایەتە کۆنەکان دەگرت لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە بۆیان باس دەکرا. منداڵەکان تامەزرۆی خۆرئاوابوون و چوون بۆلای بنکەی شۆڕشگێڕەکان بوون.

دوایی مینە و ئەوان خۆیان لە منداڵەکان ئاشکرا کرد و بووە پێکەنین. بڕێک لە منداڵەکان شەرم دای گرتن سەرڕومەتیان گوڵی شەرمی پێوە دیاربوو. ئەوان هەموو یەکیان دەناسی، ماوەیەک لەگەڵ یەک دانیشتن. دوان لە مندڵەکان بەغار چوون یەکی یەک باوەش گڕکە و میوەیان هێنا و بەربوونە خواردنی. مام برایم بەم دیمەنانە هەستی دەکرد ئەو هەنگاوێک لە بەدەست هێنانی ئاواتەکانی نزیک دەبێتەوە.

### بەردی ئیقباڵ

خۆرخۆی کێشاوەتە دەم کەل. سێبەری دارەکان بەسەرخیز و لمی خەت خەت کراوی ژێرپێی منداڵەکان دەکشا. سێبەری نسێکانیش هەرچی دەهات پڕەنگ‌تردەبوو فێنکی دارستانەکەی داگرتبوو منداڵەکان کەوتبوونە گۆرانی گوتن. لەم فێنکی ئێوارێیەدا مەڕ و بەرغەل ئارام سەریان لە سێبەری ڕیزی یەک

دەرهێناوە بڵاوخۆیان دەم"با"داوە و بەریان لە بەڕۆژەکە گرتووە دەلەوەڕان. دەنگە دەنگی جووتیار و خەڵک لە هەموو لایەکەوە دەبیسترا. مامبرایم و مینە و شارۆ دەبوو بەرەو ئاوایی بێنەوە. ئەوان ماڵئاواییان لە منداڵەکان کرد بەرەو ئاوایی داکشان. بەڵێنیان لە منداڵەکان وەرگرت ئێواریٚ بێن بۆ بنکەی شۆڕشگێران لەوێش قسەکانی ئەمڕۆ درێژەبدەن.

لە دەوری ئاوایی مریشک و قەلەمونەکان لەژێر سێبەری پەرژینەکان هاتبوونەدەریٚ. ئێستا ئەوان بێترس لە هێرشی هەڵۆ بۆسەریان بڵاوببونەوە کردبویانە قاوقیژ، کەوتبوونە چینە بەدەندوک ڕیشەی گیایان هەڵدەکۆڵی بەدوای دانیدادەگەڕان. بێجگە لەقەل و مریشک، دایم چەند دانە سەگیش لەژێرسێبەری ئەم پەرژینانە لەپەنا کۆلکە دارەکان تەخت درێژدەبوون زۆری نسێکەیان بۆ خۆیان داگیرکردبوو. لەم هاوینەدا سەگەکانن حەساوەترین ڕۆحلەبەری ئێرەن.

لێرە وەک نەرێت و نیاز بۆ حەوانەی ئاژەڵەکان لە هاویندا هەر کەس کۆزێکی بۆ حەوانەوەی ئاوژەکانی لە درکیٚ ماڵیٚ هەیە. لە زۆری کۆزەکان هێستر و گوێدرێژ و گوێرەکەی ساوا بەسترابوونەوە. ئەوان وەک دیل وابوون یەکی قولێک گیا و بڕێک گەڵای داریان لەبەر کردوون. ئەو مێشە زۆرەی بەسەرچەوری دۆو شیرێژی کۆڵانەکان گڤەیان دەهات، بەپۆل هوروژمیان هێنابوو ئاوقای ئەو حەیوانانە بوون لە کۆزەکان بەستراونەوە. هێستر و گوێدرێژ توند و بێڕاوەستان کلک و گوێیان وەک فرفرە هەڵ دەسووڕاند بۆ ئەوە مێشەکان لەخۆیان دەرکەن. لەسەر بانەکانیش دوکەڵی کولاوکەی ماڵەکان باریک لە ڕۆچنەی سەربان دەهاتنە دەریٚ،"بای" ئێواریٚ لولی دەدا بەرەو خوارئاوایی ڕاپێچی دەکرد. ئەم کاتە گەرمەی کاری کەبانوەکانە. هەموو سەرقاڵی نان و چێشتی ئێواریٚ بوون. خەریکن دەرگاو بانیان گەسک دەدا و حەوشەکانیان ئاوپرژێن دەکرد بۆ پشووی ئێوارێیان.

ئەوە مەعلوم بوو لە گەڕەکدا ماڵی گەورەکچ دار دیاربوو گۆرانیان دەگوت و قاقایان لە دیواری حەوشەکانەوە بازی دەدا کۆڵانەکان. ژن و کچانی ئاوایی سەرەڕای کاری مەزرا دەبوو کاری ماڵیش بەڕێوەبەرن. ئاخر پیاوان ماندوو لە کار دەگەڕانەوە دەبیٚ هەمووشت ئامادەبێت. ئێواران دەستە دەستە کچ و ژنی ئاوایی بەگۆزە و تەنەکەوە دەچوونە کانی بۆ هێنانی ئاوی خواردنەوە. سەرچاوەی کانی لە پشت ئاواییە. کچان دوان و سیان بەیەکەوە دەڕۆن بۆ سەرکانی، لە ڕێگاش قسە و نەقلیان بۆ یەک دەگێراوە. سەرکانی بۆ ئەم گەورە کچانە ببووە جێگەی ڕازونیاز. ئەوەی بەرۆژ دەیاندی و دەیان بیست و بەسەریان دەهات ئێستا بۆ یەکیان باس دەکرد. ئەم کاتانە بۆ کچ و ژنانی ئاوایی خۆشترین کاتی ئەوان بوو.

هەمووشت لێرە وەک ڕایەڵی تەون بەیەک دەگەن و دبوونە داستانی کچان. ئەویندار ی، کار ی قورس، ئەمڕۆ چیان کرد. کێ چووە ماڵی کێ. کام غەریبە ڕووی لە ئاوایی کرد. شۆڕشگێران دەڵێن چی! ئەمانە هەموو ئێوارێیەک لەم کورتە دیدارەی چوون بۆ سەرکانی مەعلوم دەبوون.

سێبەری دیوار و دارەکان وەک چرکەی کاتژمێر کاتی بۆ خەڵکی ئاوایی دیاریدەکرد. بۆ ئاگاداری لە کاتی ڕۆژ ئەوانەی کاتژمێریان نەبوو بەپێ ئەندازەی سێبەری خۆیان لەبەر خۆرەکە دەپێوا، ئەمە وەک کاتژمێر وابوو بۆیان کاتی ڕۆژیان دەزانی. بەم سێبەر پێوانەدا دەیان زانی کاتی ڕۆژ چەندە و کاتی ئاوابوونی خۆر کەیە و کەی کاتی ئەوەیە برۆن بۆ سەرکانی و دەستە خوشکەکانیان ببینن.

ئەوەی کاتژمێری دیواری بوو سەدجار چاوی لێدەکرد. زۆری دەستە خوشکە کچەکان بۆ ئەوە یەک ئاگادارکەنەوە، لە حەوشەوە هاواریان دەکرد یەکیان بۆ چوون بۆ سەرکانی ئاگادار دەکرد. کچەکان لە ڕێگای کانی یەکیان دەبینی. زوو هەموو شتیان دەبیست و هەموو شتیان بۆ یەک باس دەکرد. باسی ئەوین و دەسگیران. باسی کوڕ و کچەکانی ئاوایی. شەوی ژوان چیان کردووە. چۆن خۆیان شاردۆتەوە و کێ بەسەریاندا هاتووە. ئیدی لەڕێگای کانی هەمووشت ئاشکرادەبوو لەم خولی شەوو ڕۆژەدا چی لە ئاوایی تێپەڕبووە.

ئێرە سەرکانی قیبلەی ڕازونیازە. لێرە داستانی ژیان دەبێتە تریفەی ئەستێرەی ئاسمان. بەردی ئیقباڵیش لێرە بۆتە پەرتوکی بەیانی حەقیقەتەکان. کچەکان لەسەرکانی لە دەوری بەردچنی کانییەکە کۆببوونەوە. ئێستا ئەوان کاری ماڵیان سووک کردبوو بۆیە زۆر پەلەیان نەبوو. عادەتیش بوو دەبوو لەسەرکانی ماوەیەک لای یەک دانیشن. لێرە قسە ببیستن و قسە بۆیەک بکەن. بڕێک لە کچەکان بەڕیز لەسەربەردی دەوری کانی هەڵ تروشکاون قسەیان لەگەڵ یەک دەکرد. بڕێکیان خەریکی پڕکردنی گۆزە و تەنەکەکانیان بوون. ئەوان بەدەم ئاو هەڵێنجانەوە قسەیان بۆ یەک دەگێڕاوە. قسەی چارەنووس بۆ کچان ببووە داستانی هەموو ڕۆژێکیان.

بەڵام ئێستای لەسەرکانی قسەی شۆڕش و بوونی کچان بە پێشمەرگەش زیادببوو دەبێ ئەمانیش ڕای لەسەربدەن. پەیدابوونی ئەم باسە بارانی وشەکەساڵی سەردڵی ئەوان بوو" دڵێن کچان بوونە پێشمەرگە و شۆڕش دەکەن. خۆشەخۆش بەزیادبێت ئەوەنییە پۆلێک کچ لیرە لەگەڵ شۆڕشن. تماشاکەن ناشترسن تفەنگیان لە شانە قەرەوڵی دەدەن ئیدی چیتان دەوێ کچانی کوردستان".

بەرپابوونی شۆڕش و بوونی کچان لەم شۆڕشەدا خەریک بوو ئەو دیوارە کۆنەی دادەڕماند وەک دێوەزمەی ترس ژنانی حەپس کردبوو."ئیدی نابێت ئەوە قەبوڵ کرێت ئێمەش دەوێرین بچینە ناو شۆڕش و ڕیزی پیاوانەوە بە چەک بەرگری لە بوونی خۆمان دەکەین". ئەوە قسەی سەرکانی بوو لە دەمی کچەکان دەهاتەدەرێ. ئێستا قسەی سەرکانی ئەوەبوو کچ لە شۆڕشدایە؟ بوونی ژن لە ڕیزی پیاوان لەم شۆڕشەدا ئەوەڵجاربوو لە کوردستان دەبیسترا!؟ ئەوەڵجاربوو ژنان دەچوونە ڕیزی پیاوان و تفەنگیان لە شان دەکرد و لەگەڵ پیاوانی وەک مامبرایم بەدوای ماف و شوناسی خۆیان بوون. پیاو لە بەریان هەڵدەستان. کچ بەتەنیا لە تاریکای شەودا قەرەوڵی دەرکی بنکەیان دەدا. ئەوان دەچوونە مەتەرێزەوە وەک کەڵە پیاوەکانی مێژووی کورد شەڕی پارتیزانی دەکەن."کوڕە خۆ ئێستا کچان دەوێرن بچنە مزگەوت و ڕیزی پیاوانەوە وەک شۆڕشگێر قسە بکەن! دێهاتی و شاری شان بەشانی یەک وەک هاوڕێ لەم شۆڕشەدان. ئەمەیە هیوا دەدابەولاتەکەمان".

لەگەڵ بەرین بوونی شۆڕش و پەرەساندنی ئاشکرای کێشەکان، ئیدی قسەی سەرکانی و ماڵان و سەرکار و بێری مەڕ دۆشەکانیش ببووە باسی شۆڕش. بەسەرسوڕمانەوە دەیان گوت" قسەیەکی سەیر بڵاوبۆتەوە! ئائا دنیا گۆڕاوە ژنان دەتوانن قسەی دڵیان بکەن ئەمەش ئاخرزەمان نییەو حەرامیش نییە ژن بڵێن ئێمەش وەک پیاو مافی یەکسانمان هەیە"! کە گوێت لەم خۆشی و دەربڕینی هەستی بەخەبەرهاتووی ئەم مەخلوقاتە دەبوو، دەرکت دەکرد ئەم شۆڕشە ئێستا چرایەکە لە تاریکی و گێژەڵوکەی زریاندا دەگرێ هەژاران بەرپێی خۆیان دەبینن.

هەرواش بوو شۆڕش ئاهێکی گەورەبوو هاتبووە هەناوی هەموویان و ببووە باسی سەرکانی و ماڵان. کچ و ژنەکان بەخۆشیەوە بەرەوپیری دەچوون. ئەمە هەورەتریشقەی ئاسمانی پڕ لە بەختەوەری بوو بۆ ژنی کورد. ئەم نەعرەتەی هەورە تریشقەیەش لەسەرکانی دەنگی دەهات.

زۆری کچەکان تازە هاتبوونە هەرەتی ئەوەی دەست بەڕوخساری خۆیان دابێنن. ئەوان دەبوو دەموو چاویان لەژێر ڕووسەریەکەی سەریان بشارنەوە بۆ ئەوە سپیایی دەمووچاویان لە گەرمای خۆر ببێورن. لێرە دیاربوو بڕیک لەو کچانە ئەوەندە لە جاری دەسکەنەی نۆک و دێمە گەنم و لەسەر دێراوە تووتن ڕاوێستابوون، سەرگۆنایان گوڵی سووتاوی بەرخۆری پێوە دیاربوو. ئەمان هەرچەند دەستیان بەخەنە سوور و ڕەش دەکرد، بەڵام لەبەر کاری قورس توێژ و دڵۆی هەڵ دەدا و دەقڵەشی و پشتی دەستیان چرچ ببوو.

لەم فێنکی ئێوارێیەدا کچەکان بەڕیز لەسەربەردی دەوری کانی دانیشتبوون. هاجەر و نووسرەتیش بە قسەکردن گەیشتبوونە سەرکانی. قسەی شۆڕش و چوونی کچ و ژن بۆ ناو شۆڕش قسەی ئەم دوانەش بوو.

لە تەنیشت کانییەکە بەردێکی تایبەتی لێیە بەردە ئیقباڵی پێدەڵێن. ئەم بەردە قیبلەی ڕاز و نیازە بۆ هەموان. پیرو لاو. ژن و کچ دەبوو نهێنیەکانی دڵی خۆیان لە هێزی ئەم بەردەدا ببینیایەت. هەرچی هەبێت ئەم بەردە ڕەقە دەزانێت چ دەگوزەرێت. بۆیە ئەم بەردە بۆرە ئاوێنەی ئیقباڵە! بەردێک نوێژی لە پەنا دەکەن. دوعای بەسەردادەخوێنن. ڕۆژێ دەیان ڕۆح ماچی دەکات. ئەم بەردە دیاریدەکات بزانی بەخت یارتە یان نا. ئەوەی حەوت بەردی نیازی لەسەر دانێت هەمووشت دەردەکەوێت. بەپێی ئەم نەزیلە ڕۆحییەش حەتمی بوو کچەکان دەبێ هەموو ڕۆژ ئیقباڵی خۆیان لەسەر ئەم بەردە تاقی کەنەوە.

بەردێک لێرەیە لەسەرکانی بو ئیقباڵ گرتنەوە و ئاشکراکردنی ڕازونیاز خۆشەویستی هەموو کەسە. گیرسانەوەی حەوت بەردی بەخت لەسەر ئەم بەردە ئیقباڵە گریان و خەندەی دەخولقاند. هەموو کەس لەسەر ئەم بەردە ئیقباڵی خۆی تاقی دەکردەوە. کوڕە لاو و پیرێژن و پیرە پیاویش ئەمەیان دەکرد. تاقی کردنەوەی بەختیش حەوت بەردی بچووک بوو، دەبوو ئەم حەوت بەردە چکۆلەیە بەردە گەورەکە بگرن و نەکەونەخوارێ. ئەوە شانس و ئیقباڵی تۆی دەپێوا.

ئەو بەردەی بۆتە قیبلەی ڕازی کچان. بەردێکی بۆری نارێک تەنیا بستێکی سافە قیت لە گوێی کانی وێستاوە. ئێستا کچ و ژنەکان یەک بەدوای یەکدا حەوت دانە لەو بەردانەی بەختی خۆیانی پێ دەگرنەوە بەدەستەوەدەگرت. حەوت بەردەکە حەوتجار ماچ دەکەن. وەک بڵێی بەردەکان ئاگادارکەنەوە و نیازەکانی خۆیانی لەسەر بنووسن، کچان دەستیان لەسەر سنگیان دادەنێن. لەسەرخۆ ورتە لەبن لێویان دێتەدەرێ هەر بۆخۆیان دەزانن چ دەڵێن. کچەکان بەردەکان توند لە قولی مستیان دەنێن. دوعا و زکریی خێر لەژێر لێویانەوە بەسەربەردەکان دەبارێنن و ڕازی دڵیان بەو حەوت بەردە دەسپێرن."یاهەق تەعالا ڕەنجم بەزایەنەدەی"!

هەرکام لە کەچەکان لەسەرخۆ و بەڕیز ڕادەوەستن. بە نۆرە دەست لەسەرشانی بەردی شانس و ئیقباڵ دادەنێن. ئایەتەلکورسی دەخوێنن. تف لە زەویەکە دەکەن. چەندجار شەیتان بە نەحلەت دەکەن. دووبارە یەک یەک بەردەکان ماچ دەکەنەوە و دوعا و نەزای دڵیان دەڵێنەوە. ئەوەش بەنەحلەت دەکەن دەبێتە هۆی

چارەڕەشیان. ئیدی تەواو ڕازی دڵیان دەدەنە حەوت بەردەکە. چاو لە بەردەکە دەکەن دەڵێی دۆستێکی ئازیزیانە دەبێ یارمەتی لێ وەرگرن و قسە کانیان بەمەقسەت بگا.

دوای دوعا و ئایەت خوێندن بەردەکان لەسەر تەوێڵی بەردە بۆرەکە دادەنین. هەرکامێک لە بەردەکان یەکیان گرت و بەبەردە بۆرەوە نووسان ئەوە بەختی هەیە و بەمەرامی دڵی خۆی دەگات. ئەوەی نەشی گرت ئیدی شین و گریان دەبارێت. چەسپان و نەچەسپانی بەردی ئیقباڵ نیشانەی بەختە بۆ گەورە کچان. ئاخر کچانی زۆرن خێری لە خۆی دەگرت تا ئیقباڵ بێتەیاری. ئەگەر بەردە بچوکەکان بەردە گەورەکەیان دەگرت و نەدەکەوتن ئای لەوخۆشییە لەمکاتە وەختە دەبارێتە دڵی پڕ لە ڕاز و نیاز. ئەوەی نەشی دەگرت کۆستی دەکەوت و خۆی بەچارەڕەش دەزانی.

تاقی کردنەوەی بەخت و ئیقباڵ بۆیان خۆش و ناخۆشە. ئیدی حەکایەت لە دووی حەکایەت دەهاتنە گۆڕ. ئەم بەردە ڕەقانەی سەرکانی ڕاز و نیازن. هەموو ئەفسانەیەکی دەژیاندەوە. بەردی ئیقباڵ دەبوو دەستەی کچان ڕئی لەسەر بدەن. بۆی پێبکەنن. شینی بۆ بگێرن. یان تەگبیربکەن.

زیوەر دەستی لەبن هەنگڵی نابوو دەمێک بوو مات لە دواوە ڕاوێستاوە. دوو جاریش بەردی ئیقباڵی تاقی کردبۆوە، بەڵام داخەکەم بەردی بەختی نەیگرت و ئەمڕۆ بەخت یاری نەبوو. بەدوای تاقی کردنەوەی بەخت ببووە ڕۆژی حەشر. کەس ئاگای لەقسەی کەس نەبوو. لەلایەک گریان، لەلایەک قاقا و قسەی خۆش.

ئێستا لە ناو کچەکان ڕوخسارەکان جوان دیاربوو کێ و کام لە کچەکان چرچوولۆچ لە چڕوچاوی بوو. کێ لەبەر دڵ پڕی دەموو لێوی بۆ کۆنەدەبوونەوە. کێش پێدەکەنێ و خەندە لەسەر لێویەتی. چەندانەیەک گۆزە ئاوەکەیان لە نێوان قاچیان داناوە مەتەقیان نەدەکرد، تەنیا گوێیان بۆ قسەی ئەوانی تر ڕاگرتبوو.

بەڵام ئێستا لێرە لەسەرکانی لە پەنا بەردە ئیقباڵ، کچەکان هیواییەکیتر لە دڵیاندا پشکوتبوو. هەموو ئەوەیان هەست پێ کردبوو شۆڕش هەیە. کوڕ و پیاوەکانی ئەوانیشی تێدان. ئەم شۆڕشەیە ئێستا قسە لە بەشی ژن دەکات. کەوسەر تێیدابۆتە پێشمەرگە و هورمزی هاوسەری بەجێهێشتووە. دێمەکار و هەڵاڵە بەو باڵا مام ناوەندیەیان وەک کەڵە پیاوەکانی شۆڕش دەوریان هەیە. شۆڕش ژنیان لەگەڵە! ژنان وەک پیاوان تفنگیان پێیە و کەواوپانتۆڵیان لەبەردایە؟ دەوێرن تەسبێح هەڵسوڕینن. لە ناو پیاواندا دانیشن و قژە درێژەکەیان بەردەنەوە. دەوڕێن شەوانە بەتەنیا قەرەوڵی بدەن. لەژێر بلوزە ئۆنیفۆرمەکەدا مەمکیان قوت بۆتەوە دوعای شێخ و مەلاش هیچ ناکات و کەسیش کوێرنابێت".

ئەمە سڕێک بوو دەتەقی کەس لێی نەدەسڵەمیەوە کچان چونە شۆڕش و قسە لە مافی ژن دەکەن. پیاوی وەک مام برایم لە ئاوایی قۆزلوێی دێتە ئێرە فێری خوێندەواری دەبێ. ئەو دەرک بەبوونی مافی ژن و پیاودەکات. لای مام برایم و زۆری پیاوان ئیدی دنیای پیاوسالاری دەڕوخێت. بەردی ئیقباڵی سەرکانی تائێستا نەبۆتە دەرمانی دەردی کەس. کەس ورتەی لەم بەردانە نەبیستووە! هیچ کچێک بە نزای ئەم بەردە بۆرە نەگەیشتۆتە دەزگیران؟

لەم بێدەنگیەدا دانەیەک لە کچەکانی سەرکانی نوکە شەقێک لە زەوی بەردمی و نزیک بەردە ئیقباڵ دەکوتێ. دەڵێ" ئیدی بەسە عەیبە لەم بەردە بێڕۆحە دەپاڕێنەوە. بەسە باخۆمان بیر لە خۆمان بکەینەوە! چاو ماڵتە بوونی ژن بەپارتیزان و ئەم هەموو کچە شارییە هاتوونە شۆڕشەوە، ئەمە خۆی دژی فازڵ و بەردی ئیقباڵێ سەرکانیە. شۆڕشگێڕان کافر و سۆزانی نین. ئەو شێتی ئێمەیە وا ئێمە هێشتا لە ڕەقایی ئەم بەدە هیچەدادەژین. کچینە ئێوەش باش چاوبکەنەوە دنیا بەرینتربببینن".

خەجێ یەکێک لە کچە شۆخەکانی سەرکانی سەرتۆپی هاورێکانی بوو دەیوێرا قسە بکات. هەربۆیەش کچی دیاری ناو هاوڕێکانی بوو. بەکەیفی دڵی پێدەکەنی. قسەی دەکرد. حازر جواب بوو. خەجێ جوتێک کەوشی ناڵچەبزماری باژنە بەرزی لە پێدکرد، کاتێک بەم کەوشانەوە دەجووڵاوە تەقەی بزماری ژێر کەوشەکانی دەهات سەرنجی کوڕانی بۆ سەر هەنگاوەکانی ڕادەکێشا. کە دەڕۆیی توندتر پێ بەرز دەکردەوە بەسەر بەرد و خیزەکاندا دەڕۆیشت تاباشتر خرمەی ناڵچەی کەوشەکانی ببیسترێن.

خەجێ خۆشی زۆر حەزی بەم خرمەو دەنگە دەکرد ناڵچەی کەوشەکانی دروستی دەکەن. ئەو دەیزانی بەخرمەی لە پێی ئەو بەرزدەبێتەوە ئەوە دەبێتە سەرنج ڕاکێشانی کوڕان بۆ سەر شەقاوەکانی ئەو. خەجێ ئەوکاتە گۆزە سوورە ئاوەکەی لەسەر شانی دادەنا و دەستی لەسەر کەلەکەی دەچەقاند و دەڕۆیشت، کە دەبزوت دەیزانی جارێک بەقوربانی دەبن. خەجێ کراسێکی زەردی حەریری جوانی لە بەردابوو ملوانکەیەکی رەشی درێژ، ئەویش جوان خەتی دەدا سەرهەر دووک مەمکەکانی و بەسەرسنگیدا هاتبووە خوارێ. ئەمە لەگەڵ خرمەی ناڵچەی کەوشەکانی سەرنجی کوڕانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشان. ئەویش بەنازو عیشوە لە ڕێگای کانی گوزەری دەکرد.

خەجێ ئێستا لە پشت لولەی ئاوی کانی ڕاوێستابوو گوێی لە قسەی کچەکانە. ئاگای لە گیرسان و کەوتنی بەردی ئیقباڵیش بوو. خەجێ دەستی بەسەرسنگومەمکیدا قەدکردبوو، ڕووی کردە ئەو کچەکانەی لەوێ مابوونەوە. گوتی:

دەزانن ئەم شۆڕشە باسی ژیانی ئێمەش دەکات؟ ئیدی مەکوڕوزێنەوە بۆ کەوتنی دوو بەردی هیچ. ئێوەش ئازابن. ئەوەنییە کچە شارییەکانیش هاتوونەدەرێ لەگەڵ شۆڕشن. ئەگەر ئەوان نەزانن مافیان دەبی بۆ هاتوون تفەبگ هەڵدەگردەن. خۆشە خۆ هیچ نەبی ئیدی باوکمان ناوێرن لێمان دەن. ناوێرن ژن بەژنەمان پێ بکەن. ناتوانن بمان دەن بەپیر و پەک کەوتە و پیاوی دووژنە.

بەم قسەیە کچەکان دایانە قاقای پێکەنین ئیدی کەس هۆشی لەلای بەختگرتنەوە نەما. خەجێ توند قسەی دەکرد. دەڵێ: ئائا کچینە ئەم شۆڕشە بەتەمایە ڕێگا بەژنان بدات قسە بکەن. ژن بە ژن نامێنێ. لەسەر لانکەش کچ لە کوڕان مارەناکەن. ژن وەک پیاو مافی دەبێ. دەڵێن یاسایەک دێت ژن دەتوانی پەنای بۆ بەری و مەلاو خزم ناتوانن بەبێ ئیجازەی کچ شەرتی مارەبوونی بدەن. کچینە دەزانن خەریکە دەرگا دەکرێتەوە بەرووماندا. من دڵم خۆشە هیچ نەبێ ئیدی ئاوا کولۆڵ و دیل نابین وەک فڕوج بمان فرۆشن. خەجێ لەلایەک دڵ خۆشی دەدا دەستە خوشکەکانی، لەلایەکیش دڵ تنگی خۆی دەردەبڕی.

یاسەمین وای چاو بڕیبووە دەمی خەجێ لە دوورەوە هەستت دەکرد گەشایی چاوی ڕوناکی دڵیشی دەنوێنێت. ئەو هەڵیدایە و گوتی: یاخودا وابی خەجێ.

خەجێ دەڵێ: ئەی ئەوەنییە کوڕەکانی خۆشمان وادەڵێن. ژن دەتوانن وەک پیاو هەموو کارێک بکەن و لە شۆڕشیشدابن. خۆ درۆناکەن. ئێستا دەبینم کوڕەکانی خۆمان وەک ژنان کاری ناو ماڵ دەکەن. ئەوانیش ئەم قسانە بڵاو دەکەنەوە. نەک بڕێک زۆریش دڵم بەم شۆڕشە خۆشە بۆی هەڵ دەپەڕم.

شەمزین دەڵێ: خەجێ ئەوە بۆ ناچی لەگەڵ شۆڕش کاربکەی تۆ دەزانی قسە بکەی.

خەجێ ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا و گوتی:

ناوێرم؟! تەنیا لەبەرئەوەش دەڵێن بۆ شووچووە. دەنا دەچووم. شۆڕش چرای هەژارانە کیچنە. خۆزگە ئێمەش وەک کەوسەر ئازادەبووین دژی نەرێتە

خراپەکان دەوستاین ئاخ لەم دوو"مەمکە"لەسەر سنگم بوونە داوی ڕۆحم ناهێڵن بەدڵی خۆم هەنگاوهەڵگرم.

یاسەمین دەڵێ: ئەوەنییە لەو ئاواییەکان کچان چوون بۆ ناو شۆڕش.

خەجێ: ئەری بەڵام بریا ئەم دوو"مەمکەم" نەدەبوو خۆ لەو کوڕانە کەمتر نەبووین!

بڕێک لە کەچەکان سەریان دانەواندبوو. بڕێک چاویان بڕیبووە چاوی خەجێ بزانن ئەو دەڵێ چی. خەجێ لەگەڵ قسەکردن گەش داگیرسابوو. قسەکانی خەجێی دەستە خوشکیان وەک چەقۆی تیژ پێستە بۆگەنەکانی دەبڕین.

شەمزین گوتی: ئەرێ خەجی تۆ لە کوێ فێری ئەم قسانە بووی!هی وابوو دەیگوت: خەجێ تۆ کەی ئێمەت دوواندووە ئەم قسانەمان بۆ کردوی تۆ ئاوا دەردەکانمان دەزانی. یان دەردی تۆش هەر ئەوەیە لە دڵی ئێمەدا کۆبۆتەوە. ئەوەیە ئێمە وەدەزانین هەر لە ماڵی ئێمەدا هەیە!

خەجێ دەڵێ: لۆمەممەکەن کە دەڵێم دڵم بەم شۆڕشە کراوەیە دەزانم هەواڵێکی پێیە. ئاخر لەخۆوە نییە هەموو ئەوانەی دڵ بۆگەنن لە هەموو کەس زۆتر جنێو بەشۆڕش دەدەن. ئاخر بۆچی! سەبەبی ئەم جادوە چییە، میرزا لە مەلاکان زۆرتر جنێو بەو ژنانە دەدات کە دەچنە ڕیزی شۆڕشگێران.

## گۆرانی بێریەک

هیوای شۆڕش کچانی سەرکانی لە خۆی پێچابوو. ئیدی پەنابردن بۆ دوعا و بەردی ئیقباڵ هەموو شت نەبوو. ئێستا شۆڕشە دەبوو پەنای بۆبەرن و ئیقباڵی تێداتاقی بکەنەوە.

کچەکان دوای تەواوبوونی قسە و تاقی کردنەوەی ئیقباڵ، دستەدستە گۆزە ئاویان لەسەرشان دانا بەرەوماڵ دەگەڕانەوە. قسەی خەجێی دەستەخوشکیان ببووە هومێد لە دڵیاندا، کە دیگوت" شۆڕش ژنی لەگەڵە، من دەڵێم ئەم شۆڕشە هەواڵێکی خۆشی

بۆ ژن پێیه ئیدی دوعای مەلا و قسەی میرزا هیچ نییه دەبێ ئێمەی ژنیش ئازابین لەم نەبەردەدا".

خۆر دەمێک بوو چیاو دارستانی بەجێهێشتبوو. ئێوارێ دەرەنگی دەکرد. تەنکی سێبەری ئێوارێ خەریکە خۆی کۆدەکاتەوە تا تاریکی خۆی پڕڕەنگتربکات. ئاسمانی سەر ڕەبەت بەرەو قەندیل خەریک دەبوو لێڵ دەبوو. لەگەڵ دوورکەوتنەوەی خۆر، دەم کەل زەرد و سوورێکی تۆخی دەنواند. خۆر تەواو خۆی کێشابووە داوێن ئاسۆکانی سەر قەندیل و مامەندە.

بەنیشتنی خۆر ئیدی شەو دەهات میوانی خۆردەبوو. هێدی هێدی لەگەڵ بزتنی لێڵی ئێوارێ لە پەنجەرەی ماڵەکان تریفەی گڕی چراکان لەگەڵ ئەستێرەکان دەدوان و ڕووناکیان دەدا ناو ماڵەکان. لەم فێنکی دەمەو ئێوارێیەش کزە "بای" چیای"کەپرێ" هەوایەکی فێنکی دەدا ئاوایی. لەژێر ئەم فێنکاییەدا بۆنی هەمەجۆری تەرەکاری باخ و بێستانەکان. بۆنی خاوی تەماتەی تازە و ترش لەگەڵ ترێ مێخۆشی ناو باری وڵاخی جووتیارەکان وەک بۆنی میخەکبەند بەدەوری خۆیدا بڵاودەبووەوە. کیژانی گوند بە گۆزە ئاوەکانی لەسەرکانی هێنابوویان گەیشتبوونەوەماڵێ.

ئەوەی بە کۆڵانی ئاواییدا گوزەری دەکرد گوێی لە قسەو دەنگی ئەو خەڵکە بوو لە حەساری خۆیان دانیشتوون. ئەو حەسارانەی ئێوارێ لەلایەن کەبانوەکان گسک درابوو ئاوپڕژێن کراوە بۆ حەسانەوەی ئێوارێ، ئێستا کاسپاکارە ماندووەکان لێی دانیشتون بۆ پشودان. لە کۆز و حەوشەی دەرکی ماڵەکان باڕەباڕی بزن و کاژیلە و هۆڕەهۆڕی مانگا و گوێلک، لەگەڵ گۆرانی بێریەکان دەڕۆیی. ئەم دەنگانە لەکۆڵانەکان گوێت لێیەتی.

منیە و مامبرایم و شارۆ دەمێک بوو لە منداڵەکان جوێ ببوونەوە و هاتبوونەوە ئاوایی. دەستە دەستە دۆستەکانیان دەدی چاکوچۆنیان لەگەڵ یەک دەکرد و بەکۆڵانەکاندا بەرەو بنکە دەگەڕانەوە. لەو کۆڵانەی ئەمانی پێدا تێدەپەڕین، لەبڕێک حەوشە دەنگی بێری دەهات مانگا و بزنەکانیان دەدۆشی. لە حەوشەیەک بێریەک مانگا دەدۆشێت و دەی لاواندەوە. ئەم لاواندنەوە وەک مقامێکی فۆرکلۆری خۆش دەنگی دەڕۆی. ئەم دەنگە وەک دەنگی باڵەبانێک لەگەرووی بێردا پۆنگی دەخوارد و لەکۆڵانەکان دەبیسترا.

لەم فێنکیەدا دەنگی بێری و خوڕڕەی شیر، کە لە گوانی مانگاکە دەڕژا سەتڵەکە تێکەڵ بەیەک دەبوون. ئەم دوو دەنگە جیالەیەکە خۆی مێلودیان دروست دەکرد. گۆرانی و خوڕەی شیر بەیەکەوە دەبونە مقامی ئەوینی غرووبی ئاوایی سیسێر. بێری بێ ئەوەی هەست بکات دەنگی دەڕوات و کەسی تر دەی بیستێت، ئەو چوارگۆی گوانی مانگاکەی لە ناولەپی دەستداهەڵدەگولۆفی و خشخش باریکە شیرەکە دەڕژانە سەتڵەکەی بەینی ئەژنۆی.

بێری لەگەڵ دادۆشینی گوانی مانگا لە بەرخۆیەوە ماناگاکەی دەلاواندە. ئەو بەدەنگێکی نەرم و پڕسۆز گۆرانی بۆ مانگاکە دەڵێت. دەی لاوێنێتەوە. ئەم دەنگە لەحەوشەی سەربەتاڵ دەڕۆیشتە دەرێی و لەزۆر ماڵی جیرانەکان دەبیسترا. دیواری حەوشەکان نزمن و زۆری خەڵک لەحەوشێ دانیشتوون. بێری بۆ دۆشینی مانگاکەی سەری نابووە ژێرڕەفیسکی مانگاکە و گوانی لە لەپیدەستیدا دەگوشی و گۆرانیش دەڵێت. سەداکی نەرم وەک لە گەرووی ئامرێکی چەند تاڵی بپرازێت.

"تۆی چەپکە گوڵی دەستی ئەوینی ژیانم،

کە لە ژوانی شوانی دێیەوە.

ڕۆحم سەرگەردان لە دووت باڵ لێکدەدات.

باوەڕبکە پەروانەیەکم لە لێڵی ئیواران بەدەووری پرشەنگی چاوتا دەسووڕێمەوە.

پەروانەیەک گیرۆدەی داوی زولفی تۆ،

بێقەرار وەک سەرگەردانێک،

سەر گەردانێک بەرو نێگایەک دەفڕێ،

چەشنی شەیدای شەڕارەی شەمعی شەوی یەڵدابێت وا پەیامی ماد و میترای پێیە.

ئەی ئازیزم من و حەسرەتی تەنیایی.

من و ئەوینی دایم خەم لەسەردڵان.

دەڵێی لە چارەم نووسراوە دەبێ لەگەم بێ و

ئەو بەشی منە و منیش هاوڕێ حەسرەت و تونی ئەوینی تۆ!
ئێوارێیە نزیکە و ژوان،
ئاخ دڵیش بێ قەراری دیتنی یار.

ئێواریە ڕۆحم دەفڕێ ئەمسەروسەری گەرک دەکات، تا
لە سیلەی نیگای تۆ وێنەی ئیقباڵ بدۆزمەوە.

نیگایەک پێم دەڵێی تۆ سەبربگرە،
با من مقامێکی خۆمت بۆ بڵێم.
ئەی شەرارەی گوڵی چرای تاریکی دڵم،
بزەی تۆ نەغمەی باڵابانێکە وەک
زۆردارێک هەموو ئێواران دڵم دەبا و
لەگەڵ بێری ناو ڕەشماڵان هەڵم دەپەڕێنێت.

دەی تۆ وەرە ئازاری ڕۆحم مەدە ئیدی.
وەرە و کەم ڕابووره بەبەرچاوما ئەی بێری تێکەڵ لەگەڵ ئەوین،
مەڕۆ عیشوە و لەنجەولار بەسە ئیدی!

تۆ سەبربگرە با منیش لەگەڵتابم.
ئەوینەکەم وەرە با تاوێک دانیشین.
وەرە من شەیدا و تۆش وەک بولبلی

خۆش ئاواز بۆم بخوێنە.

وەرە ئەی گوڵزاری بەهاری ژینم بۆ کۆێ ملدناوە.
تۆخوا تۆزێک ئاوڕدەوە ئەگریجە وەک گیاوخاو،
ئەی زوولف ڕەشەڕیحانە ئاوڕدەوە تۆ با منیش نیگاد ببینم!

من سەرخۆشێکی وێستاو لە ڕێتا،
مەست مەست نەبەتاڵی مەی!
نەبەڕابوونی خۆر و هاتنی مانگ،
بەڵکوو بەلەنجەی کارمامز ئاسای تۆ.

وەرە بابۆنت کەم و ڕازێکیشت پێ بڵێم.
وەرە بابتدوێنم، ڕاتموسم، ئێنجا بڕۆ و بچریکێنە،
ئەی قومری پاک ڕەوشت.

وەر بۆنی عەرتی ناو چاوانەکەت کەم،
من بێری و ئەونیداری تۆ،
من و تۆ دوو گیان لە حەسرەتی ئاشقدا،
دوو ئەوینداری وەک یەک بێ مراد و دوان لە تاریکی ترسدا.

وەرە بابڕۆێن هەر دووکمان پاڵ بەخەمەوەنێن،

بڕۆێن بەرەو مێرگ و مێرخوزار،

بەرەو سەرکانی، بەرەو ڕاوگەی دڵان.

لەوێش من چۆپیت بۆ دەگێڕم،

لە کانی داوای ئاو دەکەم بۆ تۆ.

لەگەڵ مێرگ دەبمەیار

بۆ خزمەتی تۆ،

لەگەڵ بەهاریش دەچمە ژوان

بۆ باران.

وەرە بابڕۆێن و دەستەملانی  یەک بین،

وەرە ئەجارەش من بدوێنە،

بم دوێنە لە تەنیایی خۆمدا.

تۆهیوای منی،

یارەکەم تۆی و دەت پەرستم،

ئینجا من سەرمەست سەرمەست

لە دەووری نیگاتا دەسووڕێمەوە، دەسووڕێمەوە، دەسووڕێمەوە".

بێری وا ڕۆچووبووە ناو خۆشەوستی خۆی بۆ مانگاکە، ئیدی ئەو هیچ ئاگای لە چریکەی دەنگی نەبوو دەڕوات بۆ کۆڵان. ئەو چووبووە ئەوینی دڵی خۆی و هاژەو خوڕەی شیری گوانی مانگاکەی، کە خوشخوش لە نێوان پەنجەکانی دەڕژا

سەتەڵەکەوە. لەم ئێوارێیەدا ئەو دەنگە غەریب بەکۆڵانەکەدا دەڕۆی جیران هەموو گۆیان لێ بوو.

جیرانەکان ئەم دەنگەیان دەبیست و دووعایان بۆ دەنارد،"یاڕەبی دەنگە قەت نەکەوی، هەی ڕووت سپی". چەند ژنیش فنەفن دەگریان. مینە و مامبرایم و شارۆ و ڕەحمان لە دەرکی ئەو ماڵانەی ساحەب ماڵ لێی ڕاوەستابوو بەگەرمی دەستومشتاغیان دەکردو لە یەکیان دەپرسی. خاوەن ماڵ خولٚقیان دەکردن بەچنە ماڵیان لەگەڵیان شام بخۆن. لەو حەوشانەی کوچکاور دەگڕا غەزای سەرئاورەکان بەبۆنەکەیدا دیاربوو چ غەزایەکە. بۆنی چێشتی شۆرباوی تەماتە. بۆنی خۆرشتی قۆرە. بۆنی پیاز و ڕۆنی سوورکراوە. بۆنی گڵێ ئاوپرژێن کراوی حەوشەکان وەک بۆنێکی خۆش دەپرژیە کۆڵانەکان. لە پەنا مەنجەڵە چێشتەکان کتری پڕ لە ئاو لولەکەی گیزەی دەکرد.

لە کۆڵانەکانیش پۆلە منداڵێک کە تازە لە شوانی بزن و حەیوان هاتبوونەوە، ئەوان ماندووبونیان نەدەناسی. بەم ئێوارێیە کڵاوەکانیان بەدەستەوەیە دوای ئەو شەمشەمە کوێرانە کەوتبوون، کە ئەوانیش بۆڕاوە مێش تازە لە قەڵەشتە دیوارە تاریکەکان هاتبوونەدەرێ و بەحەواوە دەسووڕانەوە. منداڵ بەقیژو واژ هەڵ دەهاتن هاواریان دەکرد" ئەها گرتم! بیگرە فڕی! هە ها". جیفڕکیان لەخۆیاندەدا و هەڵ دەهاتن.

## وێنەی کچە هیندی

پۆلێک لە کوڕەلاوەکان لای دوکانەکەی فەتاح ڕاوەستابوون. مامبرایم و مینە و شارۆ بەو کۆڵانەدا ڕۆیشتن لە دوکانەکە نزیک ببوونەوە فەتاح و لاوەکانی ئاوایی لێی وێستاون. دوکانەکە بینایەکی تایبەت نییە دیاربێت. تا تەواو لە دەرکی ژورەکە نزیک نەبوایەتیەوە نەتدەزانی ئەوە دوکانە. دەرگای دوکان لەتەنەکە و تەختە دروست کرابوو. سەربان و دیواری دوکان لەگەڵ ماڵەکەی پەنای جیاوازی نییە. ئەوەی جیابوو بۆ جوانی و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکیش، فەتاح وێنەی کچێکی سەرڕووتی بەتەختەی دەرگای دوکانەکەوە داکوتابوو دەرگای ماڵی خەڵک ئەوەی لێنەدەدرا.

وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی گەورە هیچی لە کچی کورد نەدەچوو. فەتاح بۆخۆشی ناوی نەدەزانی نەیدەزانی خەڵکی کوێشە. منداڵ ئەوەندە دەستیان لێدابوو وێنە تەواو شەقوشڕببوو. بۆ ئەوە وێنەکە بەتەواوی لێکنەبێتەوە، فەتاح بەبنێشت و سرێش بەیەکییەوە لکاندبۆوە. مەعلوم نەبوو ئەم وێنەیە هی گۆرانی بێژە، هی هونەرمەندی سینەمایە، یان هەروێنەی پڕوپاگەندی تربوو.

که لێیان دەپرسی" فەتاح ئەم کچە ناوی چییە و خەڵکی کوێیە"؟

فەتاح دەیگوت: ناوی خەرامانە و خەڵکی هەندەرانیشە.

شارۆ گوتی: خەرامان یانی چی فەتاح؟

فەتاح بڕێک تماشای چڕوچاوی شارۆی کرد. لەسەرخۆ گوتی: چۆن یانی چی بێئەقڵ، یانی شۆخ و شەنگ و گۆرانی بێژ ئا. بۆیە گەوجی وەک تۆ نازانی ئەوە یانی چی. ئەوە کچە هیندیە نابینی. ئیدی ناوی دوکانی فەتاح بووە دوکانی هیدوستان.

دوکانەکە ژروێکی چکۆلە و تاریک، بنمیچەکەی نزم و نارێکوپێك هاکەزای بەڕەشەداری جەنگەڵ دارەڕاکرابوو، مشک لەبن میچەکەی هێلانەیان کردووە جوان دیاربوون دەهاتن و دەچوون. زۆر جاریش بەچکە مشکەکان، کە دەجوڵان لە پوشی هێلانەکەیان دەترازان و دەکەوتنە خوارێ.

ئەم دوکانە دەبوو وەڵامی پێداویستی ئاوایی بداتەوە، بەڵام سەروەتی فەتاح وانەبوو. لەڕاستیدا هەمووشتی ناو دوکانەکە باری دوو وڵاغ دەبوونەدەبوو. فەتاح قسە خۆشی ئێرەیە. هەموو خۆشیان دەویست. زۆر کەم پێی دەڵێن کاک فەتاح، بەگەورە و بچووکەوە بانگیان دەکرد فەتاح. ئەویش بە ئا، ئەم، ها، چی وەڵامی دەدانەوە.

فەتاح وەک دوکاندار قەرزی لای هەموو کەس بوو. ئەو منداڵانەی دەچوون بۆ شت کڕین، کە دەیانگوت" دایکم گوتی ئەوەمان پێویستە" فەتاح شتەکەی دەدایە. ئەو لەوەی نەدەپرسی منداڵ ڕاست دەکات یان نا. فەتاح منداڵەکە و ماڵەکەی دەناسی دەیزانی قەرزەکەی نافەوتێت. خەڵکیش زوو قەرزەکانیان دەداوە و شتی تریان قەرزدەکرد.

وەسائیلی دوکانەکە وردەشتبوو، شوشە لامپا، پڵیتەچرا، خورما، شەمچە، بیسکوێت، نەقول و بنێشت. خەنە، سابوون و تاید و شامپۆی پازدەقڕانی"پاوە".

فەتاح دەیگوت: شتی چاکە ئەگەر کچان قژیان بەم شامپۆیە بشۆن وەک ئەو کچە گۆرانی بێژە جوان دەبن.

ڕواڵەتی دەمووچاوی فەتاح ڕەنگ گەنمی دەنواند. ئەو لە چاو زۆر لە خەڵکی ئاوایی زووزوو ڕیشی دەتاشی و سمێڵێکی باریکی دانابوو. ڕوخسارو لیباسەکانی ئەو خاوێنتری دەنواندا. فەتاح دایم مقەستێکی چکۆلە لە گیرفانی‌دابوو سمێڵی کورت دەکردەوە. دەیگوت: ئاوی موی سمێڵ حەرامە شەیتان ئاوەکەی دەخوات. قینی لەوانەبوو سمێڵی درێژیان هەیە.

فەتاح قسەی بەهەموو کەس دەگوت. پاش و پێشی هەموو کەسی دەکردە نیشانە بۆ جنێوەکانی. ئەگەر کەسەکەی نەناسیایە موڕاعاتی دەکرد. پێشەی بوو قسەی لەگەڵ دادەمەزراند و هەواڵی ئاوایی و وڵاتی لێ دەپرسی. مامبرایم لە پێش مینە و شارۆ و ڕەحمانەوە دەرۆیشت. ددانە زەردەکەی دەمی مامبرایم نیشانەبوو بۆ جنێوەکانی فەتاح. فەتاح زۆرجار بەشۆخی جنێوی بەم ددانەی مامبرایم دەدا. ئێستا مامبرایم فریای سڵاو نەکەوت، فەتاح لە دوورەوە هاواری کرد: برایمی ددان زەرد ئەوە لە کوێی. کردیانە شۆخی دۆستانە. تا درەنگانێک لەدەرکی دوکانەکەی فەتاح بەقسە و جەفەنگ ڕایان بوارد. دوایی فەتاح زۆری خولقی کردن بچنە ماڵی. مینە و مامبرایم قەولیان پێدا سبەینێ بەهێلکە و تەماتە ئێوارێکەی میوانی ماڵی فەتاح بن.

## دوکەڵی کوچکاور

دوای شۆخی و جەفەنگی زۆر و دیداری تازە فەتاحیان بەجێهێشت و بەرەو بنکە گەڕانەوە. ڕەحمان و کاروان لە ماڵی شەماڵ و جەیران دەعوەت بوون. سەربەست و یارە خەریکی ئاشپەزین. یارە منداڵی شارییە قەت ئاوا چێشتی لێ نەناوە. دوکەڵ نەچوبووە چاویەوە. ئەو کەوچکێکی فافۆنی ناقوڵای بەدەستەوە بوو لە گوێی ئاوری کوچکاورەکە دەهاتوودەچوو بۆ دروست کردنی نانی شەو. دوکەڵی زۆر چووبووە چاویەوە. وەک هەڵامەتی گرتبێت لوشەلوشی لووتی دەهات ئاوی لووتی هەڵ دەلووشی.

یارە خوداخودای بوو یەکێک بانگی کات بڕێک لەم دوکەڵە دوورکەوێتەوە. عەزیز کە چاوی پێی‌کەوت دیتی یارە ئازای ئەندامی لە دوکەڵ و چەوریدا ڕەش

بووە دەبوو بڕێک گەمەی پێبکات. ئەمانە هاوڕێ قوتابی و هاوگەڕەکی یەکن لە سەردەشت. هەزار کارەساتی منداڵی و شەڕە گەڕەگیان بەیەکەوە بەسەرهاتووە لە سەردەشت. ئەمانە وەک منداڵی هاروهاج بە قۆچەقانی ڕاوەچۆلەکە زۆر شوشەپەنجەری خەڵکیان شکاندبوو. ڕاوە سەگیان کردبوو. عەزیز دایم شۆخی بە یارەدەکرد چۆن لە دەست پەلاماری خەڵک هەڵاتوە خۆی دەشاردەوە بۆ ئەوە خەڵک باوکی جەریمە نەکەن لەسەر کارە خراپەکانی یارە.

ئێستا عەزیز بەدەنگی بەرز گوتی: ئەوە چییە یارە هەرچڵم هەڵ دەقورێنی.

یارە هیچی بۆ نەهات وەڵامی عەزیز بداتەوە. هەر ئەوەندە گوتی: عەزیز دوکەڵ کوشتمی فریام کەوە لەو قسانە باشترە. لەولاوەش جەماعەت هەرکامە بەکارێکەوە سەرقاڵ بوو. یەکێک داری دەشکاند بۆ ئاور. دانەیەک دەبەیەکی پڕ دۆی بەدەستەوە بوو لە ئاوایی دەهاتەوە. عەزیز چووە لای یارە و کەوچکەکەی لە دەست وەرگرتوو بەربووە تێکەڵدانی چێشتی ناو مەنجەڵەکە.

مەناف لەگەڵ مامبرایم قسەی دەکرد. مەناف کۆنەلاجانیەکی کلاسیک وەک ڕەمزو کولتووری خۆی دایم ئەو سەرکڵاوەیەکی مەرەزی سووری لەسەردەکرد. مەناف فلتێری سیغارەکەی لەسەرلێوی لابرد و دوکەڵەکەی پف کردەدەرێ و گوتی: مامبرایم مەنجەڵەڕەشت دیووە چۆن قوڵتدەدا تۆ بڵێی چی تێدابێت ئاوا بەجوانی دەکوڵێ.

مامبرایم: خۆ ئیشەڵا گۆشتمان نییە. یان یاڕەڵماسیە، یان لوبیا چیتیە.

عەزیز فریای یارە کەوت بڕێک لەو دوکەڵ و هیلاکیەیی دوورخستەوە. مەنجەڵ لەگەڵ دوو کتری ڕەش لەسەر کوچکاورێکی گەورە پاڵیان بەیەکەوە دابوو. لە دەرکی کوچکاور چەند کۆتەرەدار لە ئاورەکەدا دەسووتان چزەی ئاوی دارەکەش داخ دەکولا و دەبووە هەڵم دەهاتە دەرێ. عەزیز تامی سوێری و بێخوێیی چێشتەکەی کرد. ئاورەکەی ئەمبارەوبارکرد تا دوکەڵەکەی کەمکاتەوە. یارەش مژی لە سیغارەکەی دەدا و بەعەزیزی دەگوت هەک دەست خۆش. چش گاڵتەشم پێدەکەی لای ئەم دێهاتیانە.

لە ژووری بنکە پارتیزانێک خەریکی چراتۆرەکەبوو دای گیرسێنێت. ئەم چراتۆڕە گڵێنەکەی هێندە گەورەبوو هەموو شەوێک یەک دوو تۆڕی کون دەکرد. ئەوەی هەڵی دەکرد نەیدەهێشت لولەی نەوتەکەی گەرمبێ نەوتەکە ببێتە هەڵم، زوو پەمپی دەدا و دەرزی سەرمەمکی نەوتەکەی بەڕەڵادەکرد چرا گڕی لێ بڵند

دەبوو ژوور پڕدەبوو لە دوکەڵ و بۆنی نەوت. ئەوەندە ئەم چراتۆڕە هەڵدەکراو دەکوژاوە زۆریان لێی بوونە وەستا.

بۆ کڕینی تۆر و ئەلکۆڵ و شوشەی چرا و لاستیکی پۆمپ گەورەترین مشتەری دوکانی فەتاح ئەمان بوون. فەتاح کەیفی پێدەکرد شاهۆ یان شارۆ دەردەکەوتن. فەتاح دەیزانی ئەوان بۆتۆر و شوشەی چرا هاتوون. کە ئەوان دەردەکەوتن فەتاح لە دوورەوە هاواری دەکرد: وەرن تۆری قایم و ئەلکۆڵی شینی مەراغەم بۆ هێناون.

شاهۆ کۆڵێک ئاردی بەکۆڵەوەبوو بۆ مالانی دەبرد بۆیان بکەن بەنان. چەند هەنگاوێک لەولاترەوە دوو کەس بەیەکەوە دەهاتن و دەچوون دەستیان هەڵدەسووڕاند و بەتوندی قسەیان دەکرد. ئەمانە جاری وابوو بەتوڕیەوە مژیان لە فلتێری سیغارەکەیان دەدا. دانەیەکیان بەدەنگی بەرز دەیگوت:

ئاخر ڕەخنەمان پێواریدە؟ برێکمان خوی ورکە بورژوازی تێدایە. کۆڵی باش هەڵناگرێ. پێیدەڵێی برۆ ئەو کارەبکە تاسەرخەوێک نەشکێنی و سیغارێک دەم بانەدا ناجوڵی. کاکە ڕۆحییەی هاوکاری کەمە! ئا ئا ئەری وەڵا. هیوایە دەڵێ"بەیارەلماسی کولاو مەعیدەم دەکزێتەوە. بەپەنیری تەورێزی دڵم تێکەڵدێ. داوای مرەبای گوڵ دەکات. عەینەن منداڵە مەدرەسەن. من لە کۆبونەی مانگانەدا دای دەشۆرم.

مەسئولی بنکە هاواری کرد: کاتی نان خواردنە. دوای نان خواردن ژاڵە خەبەرنامە و هەواڵی ڕادیۆکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەرن بۆ سەرسفرە دەی هەرکەس دواکەوێ نانی بۆ نامێنێت.

سایب باوەشێک نانی بەدەستیەوەبوو گوتی: لەسەر یەک قاچ دانیشن باجێگامان بێتەوە. خواردن هات بەدوو نەفەر کاسەیەکیان لەبەردەم دانان. دوبارە سایب گوتی: نان کەمە سەرو نانێکتان وەبەردەکەوێ.

لەڕیزی یەک هەموو لەسەرلاقێک چۆکیان دادا و دانیشتن. ئۆنیفۆرمی بۆرو یەک ڕەنگ. جامەدانە. سەرشانی. جەڵدی خەشاب. بەندی تفەنگ هەموو لەیەک دەچوو. بەدوو کەس لە قاپێکدا نانیان دەخوارد قاپەکانیش فافۆن. کەس بێزی لە یەک نەبوو بەکەوچکی یەک خواردنیان دەکردە پاروەکەیان و لە دەمیان دەخست. بەلیوانی یەک ئاویان دەخواردەوە. بۆ خەوتنیش کەس جێگەی تایبەتی و پێخەفی جیای نەبوو. پەتووە بۆرەکان هی هەمووان بوو. ئەسپێ و کێچیش بەکەیفی خۆیان ڕمبازێنیان تێدادەکردن.

تەنیا قەرەوڵ لەدەرەوەیە. ئەویش تفەنگی لە شاندایە دەهاتوودەچوو. دەوروبەری ئاوایی دارستانێکی چر دای پۆشیوە. سەوزی پڕی دارەکان لە دەوری ئاوایی لەگەڵ تاریکای ئێواریێ وڵات ڕەشایی دەنوواند، ئیدی محال بوو لە دوورەوە بتوانی کەس ببینی و بیناسی. ئەوەی دیارە تریفەی چرا و ئەستێرەکانن.

## وڵاتێک هەروەک وڵاتی خۆمان

تا دەهات تارمایی شەو دەستە ملانی چیا و دارستانی بێدەنگ و چۆڵ دەبوو. دارستانێک بە سروشتی خۆی وا لەسەری ڕواوە"با" کایەبەگەڵای دارەکانی دەکات. بوونەوەرەکانی ئێرە لەگەڵ ئەم دارستانە بوونە هاوڕێ و تێکەڵ بەڕۆحی یەک بوون. لە ژوور سەری ئەم دارستان و شاخە چڕەدا تریفەی ئەستێرەکان لە قوڵایی کەونێکی دوورەوە دەهاتن لە تاریکایی ئێوارێدا زۆرتر دەردەکەوتن. تریفەی ئەستێرەکان وەک بۆت پێبکەنن و بیانەوێت لەم تاریکی و بێدەنگیەدا چەشنی دۆستێکی بەوەفا بدتدوێنن و لەگەڵت بکەونە قسە و گەمە کردن خۆیان وێنا دەکرد. بەڕاستی ئێستا لێرە تەنیا وێنەی ئەستێرەکانە دیمەنی دنیایەکی گومی تێدابدۆزیەوە تۆ دەبینی. تەنانەت ڕادیۆ بۆ گوێندانە هەواڵ و گۆرای بەئاسانی دەست ناکەوێت. لە یەک ئاوایی ئەم مەڵبەندە ئەوەی ڕوانکی بەرەقە وجودی نییە.

ئەوەی هەستدەکەی زیندەوەر لە دەرەوە هەیە خەڵکی کۆلانی ئاوایی و قەرەوڵی دەرکی بنکەی شۆڕشگێڕانە. قەرەوڵ زووزوو چاوی لە سەفحەی کاتژمێرەکەی دەکرد. لەگەڵ چرکەی کاتژمێر بە شەقاو زەویەکەی دەپێوا و چاوەڕێی ڕۆینی کات بوو تا یەکێک بێت لە جێگای ئەو چێشکی ئەم تاریکاییەبێت.

دەمێک نەبوو منداڵەکانی ئاوایی لە شوانی هاتوونەوە. ئەوان تازە نانی ئێوارێیان خواردووە، چاوەڕێی لێلی ئێوارێن تا وەک هەموو کات خۆ بە کۆلانەکان بکەن و بکەونە قەرێ و ڕاکردن بە بن دیواری ئاواییدا. لەم کاتەش بەهاتنەوەی خەڵک لە مەزرا و کاری وەرزێڕی، ئاوایی ئاوەدانی زۆرتری پێوە دیارە. تاوێکە

کۆڵانە باریکەکان خەڵک زۆرتر پێیدادێن و دەچن بەقسەی شۆخی و پێکەنین یەک بەجێدێڵن. لێڵی ئێوارێ دارودیواری ئاوایی و دارستانی داگرتبوو. شۆقی چرای ماڵەکان لە پەنجەرەی ناوقەدی دیوارەکانەوە چاوی لە کۆڵانی تاریک دەکرد و تەنیا ئەویش دەبیندرا.

منداڵەکانی ئاوایی وەک هەمووجار، کە ئێوارێی دادەهات و لە شانی دەهاتنەوە، فێرببوون دەچوونە لای شۆڕشگێڕەکان. ئەم ئێواریەش هاتن بۆ بنکەی شۆڕشگێڕان. منداڵان هێندە هاتوچۆی بنکەیان کردبوو شۆڕشگێڕانیان دەناسی. ئەوان دەیانزانی بوونی شۆڕشگێڕان ئاوەدانی زۆری داوەتە ئاواییەکەیان.

ئەوەیان دەرککردبوو کەسەکانی خۆیان لەم شۆڕشەدا ئومێدی گەورەیان بوو. لەگەڵ ئەوەش پەیداکردنی ناسیاو لە هەمووی کوردستان خۆی سەروەتی بەهێزبوو بۆ سبەی ئەوان. سەرەڕای ئەوە قسەی خۆش و ناسینی دۆستی تازە نسیبیان ببوو، ئەمە خۆی گەرموگوڕی زۆری خوڵقاندبوو لە نێوانیاندا.

لە ئاواییەکان هیچ وەسیلەیەکی سەرگەرمی نەبوو. زۆربەی ماڵ ڕادیۆیان نییە لە ماڵێدا. منداڵەکان سەرەڕای ماندووبوون لە ڕۆژدا، ئەم کاتانە لە شەو ببووە هەوێنی رۆح بۆیان. ئەوان لەگەڵ شۆڕشگێڕان ببوونە هاوڕێ و خووڕەوشتی ئەوانیان گرتبوو.

منداڵەکان بەدوو هاواری دەرفاتە لە ماڵ دەردەپەڕین و کۆدەبوونەوە. ئیدی ئەوان بەجێگای هەڵات هەڵات لە کۆلانی ئاواییدا و خۆخەریک کردن بەکایەی قەرێقەرێ و خازەڵێ و ڕاونانی یەکتر دەهاتنە بنکە. دەیانزانی لێرە شتی تازە فێردەبن. کەسی تازە هاتوویان دەبینی. هەواڵی تازەیان دەبیست. فیری ناوکۆڕ و کۆمەڵی گەورە ببوون گویان کراوەتربوو بۆ بیستنی قسەی تازە. ئەوان لەبنکە کاریان لەگەل جەماعەت دەکرد. کاتی نان خواردن کاسەو کەوچیکان کۆ دەکردەوە.

ئیدی منداڵەکان لەم ئاوەدانیەدا گۆی دەمیان شکابوو کە قسەیان دەکرد، یان دەتدواندن سوور هەڵ نەدەگەڕان. ئەوان لەگەڵ شۆڕشگێڕان تێکەڵاون دەتگوت لە منداڵیەوە دۆستن. منداڵەکان کە دەهاتنە بنکە چەندانەیەکان هەڵدەستان بۆ ئاو هێنان و چایی تێکردن بە سەفەکەدا دەیان گێڕا" فەرمو شارۆ چایی هەڵگرە ئەو چاییە ڕەشە بۆ تۆیە. یارە تۆش ماندووی دوای مژی سێغار چایی بەتامە ئەو گێلاسە گەورە هەڵگرە".

کاتژمێر هەشتونیوی ئێوارێیە. کامیرۆ قەرەوڵە بەتاقی تەنیا لەم تاریکایەدا لە تەختایی پشت بنکەوە دەهاتوودەچوو. ئەو خوداخودایەتی منداڵەکان زووبێن و لەگەڵیان بکەوێتە قسە. قسەکردن بۆخەڵکی نیشانەی خەڵک دۆستی بوو.

کوتوپڕ پۆلێک لە منداڵەکان لەدورەوە هاواریان کرد: کامیرۆ چۆنی، ماندوو نەبی.

کامیرۆ دی منداڵەکان دێن بۆلای. بەخۆشحاڵیەوە گوتی: یاڵە منداڵینە چۆنن بەخێرینەوە لەکاری ڕۆژانە. ئەوە بۆ دیارنین! داوەرن بزانم خەبەری خۆشتان پێیە یان نا؟

منداڵەکان تێکڕا گوتیان: وەڵا هیچ هەواڵێکمان پێنییە.

کامیرۆ گوتی: حەو! چۆن هەتیووینە.

منداڵ بەریز لە دەووری ڕادەوەستابوون، کامیرۆش پرسیاری لێدەکردن. منداڵ بەدوای یەکدا دەیان گوت" جا چوزانین. ناوەڵا. ئائا! هم هم،ههی ههی، وەڵا خەبەری وامان نییە!

کامیرۆ: دەی وەرن داینشن باوەرتان پێناکەم، دوای بۆم دەگێڕنەوە چەندە قسەی خۆشتان پێیە. دوای شۆخیەکەی کامیرۆ منداڵ کەوتنە جوڵە و خێسە لە یەک. بڕێکیان شان لە یەک هەڵسوو، لەبنیشەوە دوو سێ جنێوی خەستیان بەیەکدا. دوای ئەم شۆخییەی کامیرۆ منداڵ دەمیان کراوە بۆ قسە ئیدی کەس لەسەر ئەوەیتر ڕانەدەوەستا بۆ قسەگێڕانەوە. "ئەمڕۆکە چیان خواردووە. چیان بەسەرهاتووە، دەنگی تۆپ لە کام لاوە هاتووە، کوێ ئاوری تێبەردراوە بۆ کامیرۆیان گێڕاوە ".

کامیرۆ دەیزانی منداڵ دەمی وەک جەواڵی شڕوایە، تا نەیجوڵێنی دانی لێ هەڵ ناوەرێت. کامیرۆ گوتی: باشە ئەوە کامەتان بوون ئێوارێ لەوڕێگایە گۆرانی دەگوت؟ دەزانن دەنگی خۆش بوو. ئەی بۆ لەگاڵتەوگەپدا دەڵێن گۆرانی بلێن متەق ناکەن، ها؟ زۆر بێتاقەتم دادەی شێروان ئەو گۆرانییەم بۆبڵێ وا ئێوارێ دەت گوت.

نەشێروان و نەکەس وەڵامی کامیرۆی نەداوە، گۆرانیشیان بۆ نەگوت.

کامیرۆ دەبوو ئەم دۆستە چکۆلانانەی بدێنێت تاقسەی بۆ بگێڕنەوە. گوتی: دوایش دەچینە بنکەو لەوێ گاڵتەوگەپە. گابریل شانۆی ئەو کابرایە دەگێڕێت بەناوی نەچن بۆسەربازی. لە بیرتان نەچێ ئێوەش دەبێ گۆرانی بڵێن. منداڵەکان زۆرتر لە

دەوری کامیرۆ کۆبونەوە و دوورو نزیک راوەستان و کەوتنە قسەکردن. هەرکەسە ئەوەی ئەمڕۆکە دیبوی دەیگێڕاوە.

یەکێک لە منداڵەکان گوتی: ئەمرۆ سەربازخانەی سەردەشت تۆپ بارانی ئاوایی نیسکاوێی کردووە؟

کامیرۆ: ئەی نەتان گوت هەواڵمان پێنییە!

منداڵ: کردیانە پێکەنین، هم هم، فح فح، وەڵا لەبیرمان نەبوو.

کامیرۆ گوتی: منداڵەکان ئێوە لەکاتی تۆپ باران و هاتنی هێلیکۆپتێر چدەکەن.

چەند دانەیەک لە منداڵەکان گوتیان: دەمێکەیە لەماڵێ و لە کێوی کونە تایەرەی قایممان هەڵکەندووە، زانیمان تۆپ باران، یان هێلیکۆپتێر بەرەولای ئێمە دێ خۆ حەشاردەدەین.

کامیرۆ: ئەوە لە کەیەوە فێربوون. هەی ئافەرین. باشە منداڵینە چاك لە تفەنگ شارەزان. دەزانن ئەوە گەورەدەبن ئێوە دەبێ جێگای ئێمە بگرنەوە و بێن ئیدامەی ڕێگای ئێمە بدەن.

منداڵەکان بەسەرسوڕمانەوە هاواریان کرد: ها؟ چی. ئەی ئێوە!

کامیرۆ: ئاخر ئێمە پیر و سەقەت دەبین یان دەکوژرێن. ئەی خۆنابێ ئەم شۆڕشە ڕاوەستێت. وانیە هاوڕێکانیم. ئاخر دنیاوایە گەورەکان پیردەبن و دەمرن دەبێ منداڵەکانمان ئیدامەدەری ژیان و ئیدارەی وڵات بن.

سایب تازە لە کۆبوونەوە هاتبووەدەرێ. ڕوانییە لای قەرەوڵ دی منداڵەکانی ئاوایی هاتوون بۆلایان. ئاخر هەمووی قوتابی خۆی بوون ئەو دەرسی پێدەکوتن و لەگەڵی ئاشنابوون. سایب گوتی: ئەوە چییە وا قسەتان گەرم کردووە منداڵ.

کامیرۆ: قسەی خۆمان دەکەین.

سایب دەڵێ: کامیرۆ تۆ قەرەوڵی، من لەبری تۆ قسەیان بۆدەکەم دەڵی چی با تۆ نەخافڵێی؟

کامیرۆ: زۆر سپاست دەکەم. منیش مەشغوڵ نابم لەدوورەوە گوێم لەقسەکانتان دەبێت.

سایب تازە لە کۆبوونەوە تەواوببوو گەرموگوڕ بۆ قسەکردن. دەبوو هەرئێستا کارێک بکات بەئەوانە بسەلمێنی، کە دەڵێن"لەگەڵ خەڵک تێکەڵ نابن. شارین خسڵەتی ورکە بورژوازیان هەیە و لەجێگەی نەرم دەگەڕێن بۆ خەوتن و دەبۆڵێنن".

سایب بانگی منداڵەکانی کرد گوتی: وەرن هاورێکانم. وەرن بۆلای مامی خۆتان. وەرن لێرە لەوسەربانە دادەنیش بابەرچاوی قەرەوڵ نەگرین. من ئەمشەو بەسەرهاتێکتان بۆ دەگێرمەوە، کە ئەمرۆکە لە کتێبێکدا خوێندومەتەوە. ئەو کتێبە باسی شۆڕشیک دەکات زۆر لە وڵاتیکی خۆمان دوورە. هەروەک خەڵک و شۆڕشی خۆمان ئەوانیش هەژارن وەک کورد. وەرن با کامیرۆ قەرەوڵی خۆیبدا من باسی ئەو بەسەرهاتەتان بۆ دەگێرمەوە.

بڕێک لە قەرەوڵ دوورکەوتنەوە. هەر لەسەرسەربانەکە منداڵەکان بەشکلێکی ئاڵقەیی لەدەوری سایب کۆبوونەوە. سایب ماندوونەبونی لە هەموویان کرد و دەستی لەگەڵ لێکداوەنەوە و ئەحواڵی پرسین." ئەمڕۆ چیتان کردووە. ئێواریٚ نان و چیتان خواردووە لە ماڵێ. ئەی خۆ بەکۆڵان و سەربانی خەڵکدا غارغارێنتان نەکردووە"!

: نا سابیب، ئێمە بانگی یەکمان کردووە و ڕاست هاتووین بۆ ئێرە.

سایب: زۆر کاری باشتان کردووە. قەت نەچنە سەربانی جیرانەکان هەراهەرا بنێنەوە و لە کۆڵان ڕێی سەگ و پشیلەکەون. دەبێ لەبری ئەوانە لە دەوری یەک کۆببینەوە تا شتی بەسوود فێربین، وانییە کوڕینە؟ بریا خوشکە چکۆلەکانی وەک خۆشتان لەگەڵ دەبوو. قەی‌ناکە بۆ ئێوارێیەکیتر ئەوانیش لەگەڵ خۆتان بێنن با کچانی ئێمەش فێری ناو کوڕو پیاوان بن. دەزانن ئەوە پاییز نزیک بۆوە کاتی قوتابخانەش دێتەوە. جاخۆم دەبمە مامۆستاتان. ئەی کتێبی خۆشم بۆدانوون!ناوی ئەو کتێبەش"من قوتابیم و لە فێرگەی شۆڕشم"، بەڵام قەولم پێدان جاریٚ بەسەرهاتێکتان بۆ بگێڕمەوە.

ئەوەی ئەمشەو بۆ ئێوەی باس دەکەم بەسەرهاتی خەڵکی چەند ئاوییەکە لەوڵاتی "وێتنام". "ئەمریکا و فرانسە" تەماعیان لە داگیرکردن و تاڵانی ئەو وڵاتە کرد خەڵکیش بەگژیانداچوونەوە. هەروەک چۆن ئەمڕۆکە دەوڵەتی"تاران" هاتۆتە سەرئێمە ئاوا ئەوانیش چونە سەرئەووڵاتە و شەڕیان لەگەڵ خەڵکی "وێتنام"کرد. خەڵکیش ڕووبەڕوویان بونەوە و بەرگریان لە خۆیان کرد. هەروەک دەوڵەتی"تاران" هێرشی کردۆتە دسەروڵاتی ئێمە، ئێمەش شەڕی لەگەڵ دەکەین. لەویٚ خەڵکی بەسەرو ماڵەوە شەڕیان لەگەڵ سەربازەکانی"ئەمریکا دەکرد.

دەزانن هەر وەک ئێستای خۆمان بەسەرو ماڵەوە تێوەچووین دژی دوژمن. ئەوانیش بەژن و منداڵەوە لە دوژمنەکەیان ڕاپەڕین.

سەربازەکانی"ئەمریکا"هێرشیان کردە سەرخەڵک و خەڵکیان لە ماڵەکان دێنادەرێ و ئاوریان لە ماڵ و جارەگەنم و دارو باخی خەڵک بەردەدا. گازی خنکێنەریان بەسەرخەڵکدا ڕژاند و گیاو بێستانی وڵاتیان ژەهراوی کرد. ئەو ئەشکەوت و کونەتەیارانەی گومانییان لێی بوو گازی ژهراویان تێدەکرد و هەرچی تێدابوو دەی خنکاند.

وابوو ئاوی کانی و چۆمی وڵات ژەهەراوی ببوو. سوپای داگیرکەر بۆ ترساندنی خەڵک دیلە شۆڕشگێرەکان کە منداڵی ئەو خەڵکەبوون لە بەرچاوی خەڵک تیرەبارانیان دەکردن. پیر و منداڵ و نەخۆش و بریندار لە چیا و دەشتەکان دەمردن و جەنازەکان بۆگەن دەبوو. بەڵام خەڵکی ورەیان بەرنەدا و بگژیانداچوونەوە. دەزانن شەڕێکیان کرد بەناوی شەڕی"تت". ئەوە ئەمریکا و فەڕانسەی ناچارکرد دەبێ بەگفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی"ویێتنام" قسەبکەن نەک بە شەڕ. ئێمەش دەبێ ئەوە بەرنامەمان بێت.

خەڵکی ئاوایییەکان زۆر نارەحەتبوون. زۆرترین ماڵ وێرانی و تیاچوونی کەس و کار نسیبی ئاوایییەکان دەبوو. هەر ڕۆژە تیرەباران کردنی شۆڕشگێرانی وڵاتەکەیان بەبەر چاوایانەوە دووبارەدەبووەوە. وڵاتیان داگیردەکرا ئەمە دەردێکی گورچووبڕبوو بۆیان. ئەوان خەریک بوو سەروەت و ژیانیان لە ناودەچوو. ئیدی بڕیاریاندا بەگژ داگیرکەردا بچنەوە. دوژمن دەیویست تەواوی ئاوایی و کێوەکانیش داگیرکات؟ تازە هاتبوونە دەوروبەری چەند ئاوایی شاخاویی و دارستان. ئەو هێزە سەربازی"ئەمریکا و فەرانسە"بوون لە ناو خاکی "ویێتنام". ئەوان تازە مقەڕیان لەسەر تەپۆڵکەی ڕووبەڕوی ئەم چەند ئاوایییە دنابوو.

ئەمانە تەنیا بەداگیرکردنی ناوچەکە ڕازی نەبوون. ڕۆژانە خەڵکیان دەگرت و لێیان دەدان و زیندانیان دەکردن. هەرکەس هاتووچۆی بکردایە بۆ شار و بۆ ئاوایییەکانی ئەتراف، ئەم هێزەی لێرەبوو گیانی هەموو موسافیرێک دەگەڕان. کەلوپەلیان دەپشکنی و لێیان دەدان. ناو ماڵان دەگەڕان بۆ تفەنگ. خەڵکیان دەگرت و زیندانیان دەکردن و دەیان کوشتن.

کاتێک خەڵک لە شار دەگەڕانەوە هەرچی شتومەکی کڕیبوویان بۆ ژیانی ڕۆژانەیان، سەربازەکانی"ئەمریکا" لە ئوتۆمبێل دەیان هێناخوارێ و هەڵیان دەپچڕی و هەڵیان دەڕشتە خاکوخۆڵی سەرجادەکە و بەپۆستاڵەوە دەچوونە سەری

و لێیان خراپ دەکردن. لەکاتی پشکنینی موسافیرەکان میزیان بەئارد و جل و شتومەکی خەڵکیدادەکرد و پێیان پێدەکەنین.

سەربازەکانی دوژمن بەبۆنەی گەڕان بەدوای دەمانچە و نارنجەک و تەقەمەنی، لە بەرچاوی خەڵک دەستیان لە سنگ و مەمکی ژنان دەدا. پیاوەکانیان بەرشەق دەدا. زۆرجار بەچەند سەرباز تەجاوزیان بەو ژن و کچانە دەکرد، کە دەچوون بۆدار و چیلکە کۆکردنەوە لە دارستانەکان. هەر کەس فزەی لە ڕویاندا بکردایەت دەکوژرا. ئیدی خەڵکی تێکڕا گوتیان "هەرجارێک دەمرین. نەک هەموو ڕۆژێک ئاومان بەسەربێت". خەڵکی وەک هێزی شۆڕش خۆیان ڕێکخست و تەگبیریان کرد چۆن تۆڵەی خۆیان بستێننەوە. خەڵک دەیاندی ئەمانە وەک دوژمن هاتوونە وڵاتەکەیان و خەڵکی وڵاتێکی تریشن بۆ تاڵان و داگرکاری هاتوون.

سەرەڕای ئەمەش دوژمن دەیان گوت"تا ئێمە ئیجازە نەدەین نابێ هاتووچۆی هیچ شار و ئاواییەک بکەن". ئیدی وابوو هەرکەس میوانی دەهات. کەسی غەریبە بۆ میوانی دەهاتە ئاوایی، دەبوو خەڵک لای دوژمن ڕاپۆرتی لە میوانەکەی خۆی بدایە. کێ هاتووە. ناوی چی بوو. خەڵکی کوێ بوو! دەبوو دوژمن میوانی هەموو کەس ببینن. ناوی بنووسن و پێناسەکەی چاولێکەن. ئەگەر پێیان خۆش بوایەت ئازادیان دەکرد، دەنا دەبوو ماوەیەک ڕایگرن و بڕێکی لێدەن. هەرکەس سەرپێچی بکرادیە گەورەترین سەزای بوو.

لەم دۆخە تاڵەشەدا بڕێک لە خەڵکی خۆفرۆش لە ناو وێنامیەکان ببوونە سیخوڕی دوژمن و یاریدەی دوژمنیان دەکرد. چەند کەس لە کەسە ئازاکانی ئەم ئاواییانە، لە پێشدا لە ناوخۆیاندا کۆبوونەوە بۆ پرس بەیەک و بۆ تۆڵە و دەرکردنی دوژمن لە وڵاتەکەیان. ئەوان تەگبیرێکان کرد دەبێ بەگژ دوژمندا بچنەوە. ئەوان ئەم باسەیان بەکەسانی جێگەی باوەڕ گوت و خەڵکیان لە مەبەستی خۆیان گەیاند. ئیدی هەمووی بەئەرکی خۆی دەزانی بەرگری لەوڵاتی خۆی بکات. خەڵک دەستەی فەرماندەیان بۆ خۆیان دانا. لاوو منداڵەکانیان فێرکرد دەبێ چیبکەن.

لە ڕووی ڕێکخستن و بارهێنانی سیاسی خۆیان خولی ڕامیاریان دانا چیدەکەن. بۆ ئاشنایی بەجێگاوشوێنی دەژمن، فەرماندەی خەڵک دەبوو بزانن دوژمن لە چەند نوکتە قەرەوڵیان هەیە. چەند کەس چەند کەس لە کاتی قەرەوڵی ڕادەوێستن و تفەنگی چۆنیان پێیە. دوای چەند کاتژمێر قەرەوڵەکان دەگۆڕدرێن، چۆن بەڕێگادادەڕۆن. لە کام ڕێگاوە دێن و دەچن. ئەمە بۆ دەستەی بەرەنگاری ببووەبڕیار دەبوو ئەمان بزانن حرەکەتی دوژمن و دامەزرانیان لەو ناوچەیە چۆنە. چۆن هاتووچۆش دەکەن. لە کام کانی ئاو دەخۆنەوە. لە کام دوکان و بازاڕ

شت دەکەرن. شۆڕشگێران باش خولی ڕامیاریان لەسەر ئەوە دانا دەبێ ئەوانیش لە ڕووی سەربازی چییکەن.

وەک کاری ئاسایی و ڕۆژانە خەڵکی کەدەچوونە ناوجەنگەڵ و کێوەکان، هەموو ئێوارێەک لەسەر دوژمن ڕاپۆرتیان دەهێناوە. ڕابەرانی ئەم چەند ئاواییە ئازایە تفاقی تەواویان خست بۆ شەڕ و کەوتنە پلانی تۆڵە. بەپێ بەرنامەی ستادی شەڕ، ژن و پیر و منداڵەکان کاری خۆیان دەکرد. ژنەکان کە دەچوون بۆدار و گیا هێنانەوە لە باغ و دارستانەکان، ئەوانیش دەوری مقەڕەی دوژمن شارەزابوون. دەیان زانی کوێ مینی لێچێندراوە. دوژمن لەکوێوە هاتووچۆدەکەن. شەوانە لە چەند جێگە قەرەوڵیان هەیە. بەکام ڕێگادا هاتووچۆدەکەن و لە کام کانی ئاودەخۆنەوە. ئوتۆمبێل و تۆپخانە و ڕەشاشەکان چۆن داندراون و لە چەند سەنگەردان.

ژنەکان وەک پیاوەکان بەباشی هەموو هەواڵەکانیان کۆدەکردەوە. ژنان وەک پیاوان دەستیان داچەک. سەرکردەی خەڵکەکەش خەڵکی ئاواییەکە بوو، ئەوانیش هەموو جێگەیەک شارەزابوون.

منداڵەکان فێرببوون چۆن هەواڵ لەسەر دوژمن کۆکەنەوە. ئەوان بۆ ئەوە نەبیندرێن بەدزیەوە دەچوون لەسەرداری بڵند و پرگەڵا خۆیان ماتدەدا وەک"کوند" هەڵدەکورمان، بەوریایی هاتووچۆی دوژمنیان کۆنترڵ دەکرد تا تاریک دادەهات چاوەدێری دوژمنیان دەکرد. کە دەهاتنەوە هەواڵەکەیان بەبەرپرسی خۆیان دەدا. بەم جۆرە لەماوەیەکی کورتدا هەموو بەرنامەی دوژمنیان هاتە دەست.

فەرماندەی شەڕ ڕابیتەی لەگەڵ بەرەی شۆڕش گرتبوو. تەداڕوکات. دابین کردنی فیشەک و نان و چارەسەری بریندار و کوژراو. ئیحتیمالی هێرشی دوژمن و هاتنی فڕۆکە و بۆمباران هەموو کارێک بەتەگبیر جێبەجێ کرابوو. دەستەی ئاگا لە منداڵەکان. دەستەی دابین کردنی چەک و تفاقی پێویست بۆ هەرکارێک کەسی بۆدیاری کرابوو.

بۆ ئەوە خەڵک تەواو ئامادەی نەبەردبێ، دانەیەک لە فەرمەندەکان خەڵکی کۆکردبۆوە و قسەی بۆ دەکردن. ئەو ڕووبەڕووی خەڵکەکە ڕاێستابوو تا پێیان بلێ بۆ دوژمن هاتۆتە سەریان و وڵاتی داگیرکردوون. ئەی وەزیفەی خەڵک بۆ بەرگری لەوڵاتی خۆمان چییە و چ واتایەکی هەیە. فەرمەندە دەڵێ:

چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەین خەڵکمان بەئاگابێن. دنیا بزانن بۆ دەستمان بۆ چەک برد؟ ئایا وەک یاخی و سەرکێشانە دەستمان بۆ چەک برد. یان دوژمن ناچاری کردین. باشە دوژمن تاکەی ئێمە دیلت بین. کەی تۆ دەست لەتەماع و تاڵان هەڵدەگری! ئاخر ئێمەش هەین وەک تۆ. ئەو خەڵکەی لەوێی بوون هەموو لەوانەبوون کارەساتیان بەرسەرهاتبوو. قسەی فەرماندە وەک بزمار ڕۆدەچووە تەختەی مێشکی خەڵک بۆ سوپای بێگانە پەلاماری داون.

غرووبی ئێواریٚ میوانی ڕووناکی وڵات ببوو. لێڵایی دارستانەکەی داگرتووە. تیرفەی ئەستێرەکان وەک ڕازونیازی زەوی بزانن چاویان بڕیبووە کەونی زەوی بۆ منداڵ و کچە ئازاکان پێدەکەنین. ئەستێرەکان بەرز دەدرەوشانەوە. وەک ئەوەی لەم لێڵی ئێوارێیەدا ئەوان خۆیان لە گەڵای درەختەکان هەڵسوون و بە ناز و عیشوە چاو برکێیان لەگەڵ زەوی دەکرد بۆ هەڵپەڕینی خەڵک. بەڵێ هەستت دەکرد ئەمشەو ئەوە ئەستێرەکانن وەک تەتەرێکی ڕێنشاندەر نزیک دەبوونەوە بۆ مەتەرێزەکان پێدەکەنین.

قسەی فەرماندە لەگەڵ چەپڵە و فیکەی خەڵک کۆتایی هات. بەڵام ئەو قسانە بووە مەتەرێزی یەک بوون. لە ناو پڕی دارستانەکەش کێوەکان بەهەیبەت ڕاوەستاون. لە دامێنی جۆبار و ئاوەکەش بۆقەکان لە ناو زۆنگاوەکان دەقڕێن دەڵێی ڕۆژی حەشریانە. فیتەفیتی چۆلەکە. قڕەقڕی قشقەڕ و تەقەی دەندووکی دارکونکەرە کە دارکانی دەسمی تێکڕای ئەم دەنگانە لەم جەنگەڵە شێدارەدا دەنگی دەداوە.

ئەمەی دەت بیست لەگەڵ هەناسەی سەدان جەنگاوەری ئامادە بۆ وەدەرنانی دوژمن لەسەر خاکە داگیرکراوەکەی تێکەڵ دەبوو. نازانیٚ ئەوساتە چەندە بەهەیبەت و چەند کاتێکی جەستە هەژێن بوو! نازانی لەم کاتانەدا، کە بارستایی هێزی گەڵ یەک دەگرن و وەک گەمییەکی قایم شەپۆلی بەحر دەشێلیٚ و سڵ لە خرۆشانی شەپۆلی ئاو ناکاتەوە دەچوو. بەڵێ ئێستا لەم یەک بوونەدا بێهێزترین جەستە وابەهێز بوون وادەزانی هەموو پاڵەوانێکی سەرکێشن دەتوانن دڕ بەسەفی دوژمن بدەن.

جەنگەڵ و تاریکی ئێواریٚ واڵاتی داپۆشیبوو. وابوو پڕی دارەکان و لێڵی ئێوارێی پرسیاری لیٚ دەباری. خەڵک وەک ڕۆژێکی زۆر تایبەتی و پیرۆزیان لە پێش بێت ئاوا خۆیان ئامادە دەکرد و یەکیان ماچ دەکرد. ماڵ ئاوایی دایک لە منداڵ. ماڵ ئاوایی ژن لە مێرد و دۆست لە دەسگیران و هاوریٚ لەیەک.

تادەهات لێڵی ئێواریٚ وەک پەردەی ڕەش زەوی دەشاردەوە. ئەو خەڵکەی کە ئێواریٚ کۆببوونەوە و فەرمەندەکەیان قسەی بۆ کردبوون، دژی دوژمنەکەیان

ئامادە بەتفەنگە کۆن و هەمەجۆرەکانیانەوە ڕاوەستاون. شەڕەکەرەکان بن بەردەکان بوونە سەنگەریان.

کاتی هێرش بوو. کاتی چارەنووس ساز. پیرەکان دوعایان دەکرد. لاوەکان سەرمەست و ئامادە بۆ بەرگری لەوڵاتیان. دەبوو دوژمن بزانی داگیرکردنی وڵاتیک هەروا ئاسان نییە. ئەم ئێوارێیە دیاری کرا دەبێ هێرش بەرن. منداڵەکانیان نارده چەند پەناگا و سەنگەری گەورەی سەرداپۆشراو، کە بەئاسانی تۆپ و خومپارە کاری لیێنەدەکرد. فەرمەندە گوتی:

ناوێکامان داناوە بۆ ئەمشەو ئەوێش"ناوی بەرەنگاریە"ئەوە ناونیشانی ئەم هێرشەیە. کە گومتان "بەرەنگاری" یانی هێرش دەکەینە سەر دوژمنەکەمان.


خەڵک بەناوی بەرەنگاری هەڵیان کوتایە سەرمقەڕی دوژمن. دوای شەڕێکی قورس ئەم مقەڕە گەورەی دوژمنیان گرت. ئیدی دوای ئەم هێرشە وردەوردە ناوچەکەیان لێ پاك کردنەوە. سایب بەئیحساسەوە قسەی بۆ منداڵەکان دەکرد. منداڵەکان بێدەنگ و بێ متەق گوێیان گرتبوو. سایب گوتی: منداڵینە دەزانن ئێمەش تا بە ژن و پیاو و منداڵەوە هەوڵ نەدەین، دوژمن حەقمان نادا و بێ ناو و نیشان دەبین. ئایا شۆڕش کردن بۆ ئازادی و سەربەستی باشە. منداڵە جوانەکان ئێوە بیر لەم قسانە بکەنەوە چۆن دەبینە خاوەن وڵاتی سەربەست. پەلەمەکەن خۆتان بڕیاربدەن جارێ ڕێگای دوورتان لە پێشە بۆ ئەو یەک بوونە لەماڵی ئێمەی کوردا.

شەو درەنگ ببوو، بەڵام بەقسەکانی سایب منداڵەکان واگرم ببوون وەیان دەزانی خۆیانن لەبەرەی شەردا. لەڕاستیدا ئێستا ئەوانیش وەک منداڵەکانی ویتنمان بوون و ئاوا بیریان دەکردەوە.

کشانی شەو بۆنی نمی شێداری بەیانی لێ دەهات. ئاسمان ساف و ڕوون. هەوای دارستانیش فێنک، کزە بای کێوی"کوڕەک"دەهات وابوو مووی سەرپێستت گرژ دەبوون و پێستی بەدەن خۆی کۆدەکردەوە لەسەرمان.

منداڵەکان بێمتەق دانیشتبوون کەسیان سرتەیان لێوە نەدەهات. ئەوان دەستیان دابوو ژێرچەناگەیان لەژێر برۆباریک و پێلۆ خۆلاویەکانیانەوە چاویان بڕیبووە سایب. تەواو متەقیان لەخۆبڕیبوو وابوو مەگەر یەکێک قاچی بتەزیایەت خۆی بجولاندایە دەنا کەس نەدەبزوت.

بەتەواوبوونی داستانەکە دیاربوو باوێشکیان دەهاتی، بەڵام کەسیان بەتەمانەبوو هەستن و بڕۆن. سایب گوتی: هاوڕێیانی من ئەمەش داستانی من بوو بۆتان تا شەوێکی کە بڕۆن بەخەون بەخۆشی. سایب دەستی لەناو دەستی هەموویان ناو شەوخۆشی لێکردن.



ئەحمەد بەهرامی "تورجانیزادە"